https://www.doi.org/10.31918/twejer.2142.7

e-ISSN (2617-0752) p-ISSN (2617-0744)

# پشکداریی کورد لە ژیانی زانستیی حەلەب لە سەردەمی مەمالیکی بورجی (٧٨٤-٩٢٢ک/١٣٨٢-١٥١٦ز) توێژینەوەیەکی مێژوویی- شارستانییە

پ. د. أحمد میرزا میرزا

م. ی. سازگار عثمان یحیی

زانکۆی سەلاحەددین/کۆلێژی ئاداب – بەشی مێژوو

argushy.@gmail.com

sazgar.yahya@su.edu.krd

**پوخته :**

ئەم توێژینەوە مێژووییە لەژێر ناویشانی (پشکداریی کورد لە ژیانی زانستیی حەلەب لە سەردەمی دەوڵەتی مەمالیکی بورجی (٧٨٤-٩٢٢ک/١٣٨٢-١٥١٦ز)یە. کورد بە یەکێک لە نەتەوە موسڵمانەکان دادەنرێت لە دەرەوەی زێدی خۆیان زیاتر لە باکووری وڵاتی شام بە گشتی و حەلەب بە تایبەتی ڕۆلی کارایان هەبووە. ئەم شارە مەڵبەندی چڕبوونەوەی ڕێژەیەکی بەرچاو ماڵبات و خانەوادەی ڕەسەنی کوردی بووە، پێگەیەکی چەسپاویان هەبووە، لە سەردەمی مەمالیک کورد بەشدارییەکی کارای هەبوو لە بەرەوپێشبردنی ژیانی زانستی و هزریی شارەکە و خزمەتی بەرچاویان پێشکەش بە کۆمەڵگای حەلەبی کرد. ناوبانگیان بە جیهانی ئیسلامی بڵاوببۆوە و سەرکەوتوو بوون لە پەروەردەکردنی نەوەیەکی دەوڵەمەند بە زانست لە شارەکە و جیهانی ئیسلامی. ئەم شارە پردی پەڕینەوەی زانایانی کورد بوو بۆ ناوچەکانی دیکەی وڵاتی شام و تەنانەت بۆ میسریش.

**وشە کلیلییەکان:** کوردانی حەلەب، ژیانی زانستی، زانایانی کورد، کۆمەڵگای حەلەبی

## پشکداریی کورد لە ژیانی زانستیی حەلەب لە سەردەمی مەمالیکی بورجی (٧٨٤-٩٢٢ک/١٣٨٢-١٥١٦ز)

## توێژینەوەیەکی مێژوویی- شارستانییە

### پێشەکی:

حەلەب پێشکەوتنێکی شارستانیی گرنگ و خێرای لە سەردەمی مەمالیکی بورجی بە خۆبینی، دیارترین خاسیەت لە مێژووی سیاسیی مەمالیک بریتیبوو لە ڕاکێشانی زانایان و پاڵپشتیکردنیان بۆ ئەوەی دەوڵەتەکەیان سیمایەکی ئاینی بەخۆببینی. هەربۆیە هەوڵەکانی دەولەت بۆ گەشەپێدانی بزوتنەوەی زانستی و ڕۆشنبیری بریتیبوو لە پاڵپشتیکردن زانایان بۆ نووسین و بڵاوکردنەوەی زانست لەبوارە جیاوازەکان. لەو چوارچیوەیەشدا حەلەب جیا لە شارەکانی دیکەی باکووری وڵاتی شام بووە یەک لە زیندووترین و سەرەکیترین مەڵبەندە زانستی و هزرییەکان، حەلەب دەوڵەمەندبوو بە زانایان  لە سەرتاسەری جیهانی ئیسلامە ڕوویان کردە ئەم شارە چ بۆ وەرگرتنی زانست یا بۆ گەیاندنی ئەو زانستەی لایان بوو.

لە سۆنگەی هاوسنووری و نەبوونی هیچ بەربەستێکی سروشتی مرۆیی و بەریەک کەوتنی خاکەکەی لەگەڵ خاکی کوردان هەروەها ڕەخساندنی کەش و هەوای زانستیی گونجاو لەلایەن مەمالیکەکان وایکرد زانایانی کورد نیازی ئەو شارەیان هەبێت. لەبەر گرنگی و تایبەتمەندیی ئەم شارە، هەروەها کۆمەڵگای حەلەبی کۆمەڵگەیەکی زیندوو و چالاک و فرەڕەگەز بووە. زانایان لە سەرتاسەری جیهانی ئیسلامی بەهۆکاری جۆراوجۆر ڕوویان لەم شارە دەکرد ئەمەش جیاوازیی ڕەگەز و زمان و کلتووری بەدوای خۆیدا هێنا، ئەم جیاوازییە لە ڕەگەزی خەڵک و زانایانی حەلەب بە تایبەتی زانایانی کورد ڕەنگێکی جوانیان بە بزوتنەوەی زانستی

له شارەکە بەخشی، کە هەمیشە بەشێکی چالاک و زیندووی کۆمەڵگەی حەلەبی بوونە توانیویانە گەشە و بەردەوامی بەو بزوتنەوە زانستی و هزرییە بدەن و بەشدار بن بۆ بەرەوپێشبردنی. گرنگە ئەو بوارە زانستییانەی کورد کە ڕۆڵی هەبوو لە پەرەسەندنی ژیانی زانستیی ئەم شارە، لە توێژینەوەیەک بخرێتەڕوو.

سەبارەت بە توێژینەوەکە بەپێی ئاست و شێوازی بەشداریکردنی کورد لە ژیانی زانستی شارەکە دابەشکراوە بۆ پێشەکی و دوو تەوەرەی سەرەکی لەگەڵ خستنەڕووی چەند ئەنجامێک و لە کۆتاییشدا لیستی سەرچاوەکان ڕێکخراوە لەگەڵ پاشکۆ. تەوەرەی یەکەم کە زانستە نەقلییەکان لەخۆدەگرێت بۆ دوو تەوەرەباس دابەشکراوە، باسی یەکەم تایبەتە بە زانستە ئاینییەکان کە زانستەکانی قورئان و فەرمایشت و تێگەیستن لە ئاین و زانستی کلام و سۆفیگەری لەخۆگرتووە، ڕێژەیەکی بەرچاو زانایانی کورد لەم بوارانە دەرکەوتن و بەهرەمەند و پێگەیشتووبوون لەم زانستانە، بە زانستەکەیان خزمەتی ئاینی ئیسلامیان کرد. هەر لەم تەوەرەیە لە باسی دووەمدا باسی زانستەکانی زمان و وێژەمان کردووە، زانای بەناوبانگی کورد دەرکەوتن خزمەتی بەرچاویان بە زانستی زمان و ڕێزمان و ئەدەبی عەرەبی کرد. تەوەرەی دووەم تەرخانکراوە بۆ زانستە پراکتیکییەکان و هزرییەکان. لەم تەوەرەیە ئەو بوارانەی کە زانای کوردی تێدادەرکەوت خراوەتەڕوو هەر لە زانستی پزیشکی و کیمیا و ژمێریاری و زانستی خۆشنووسی و لەبەرگرتنەوە لەگەل زانستی ژیربێژی. ئەگەرچی پشکداریی کورد لەم بوارانەی زانست تاڕادەیەک لاوازە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە هەندێک بوار زانای کورد دەرکەوتن ناوبانگی نەک لە شاری حەلەب بەڵکو لە وڵاتی شام و تەنانەت میسریش بلاوببووەوە بە تایبەتی لە بواری زانستی پزیشکی.

**تەوەرەی یەکەم: زانستە نەقلییەکان**

**یەکەم: زانستە ئاینییەکان**

## ١- زانستەکانی قورئان (علوم القرآن)

زانستەکانی قورئان بە بایەخدارترین زانست دادەنرێن لای موسڵمانان، قورئان فەرموودەی خوایە، نێردراوە بۆ پێغەمبەر (سڵاوی خوای لێبێت)، دەستووری موسڵمانانە. سەرچاوەی یەکەمی یاسا ئاینییەکانی ئیسلامە، قورئانی پیرۆز لە پێشەوەی ئەو زانستانە بوو کە موسڵمانەکان گرنگییان پێدابوو لێیان کۆڵیبۆوە، ئەمەش دەکرێت بە دوو بەش. (صبحي صالح،١٩٧٧، ص٢٥٧؛ عاشور، ١٩٨٦،ص٢٦؛ بدري فهد،١٩٨٨،ص٥٢).

## أ- زانستی قورئان خوێندنەوە (علم القراءات)

لە زانستە هەرە گرنگەکانە، تایبەتە بە خوێندنەوەی قورئان شێوە و شێوازی دەربڕینی پیتەکان و وشەکانی ڕێکدەخات، مەبەستیش لێی ڕێک خوێندنەوەیەتی لە شێوازی دەربڕینی. وەک زانراوە چەند جۆرە خوێندنەوەیەک هەیە جیاوازیش لە شێوازی خوێندنەوە و پیتەکان بەدیدەکرێت. (القيسي، د.ت، ص٢، ؛الزركشي،١٩٥٧، ١/ص ٣١٨؛ علي نجم عيسى،١٩٩٩ ،ص١٣٠؛ عبدالقادر محمد، ٢٠٠٢، ص١٩٥)، ئەگەر کەسێک بەم زانستە ئاشنا نەبوایە دەرکی بە خوێندنەوە جۆراوجۆرەکان نەکردبا، بە قورئان خوێن هەژمار نەدەکرا. (قادر محمد حسن، ٢٠٠٩، ص٢١٥).

حەلەب(١) یەکێک لە مەڵبەندە سەرەکییەکانی زانستی قورئان خوێندنەوە بوو لە سەردەمی مەمالیک، بۆیە قورئان خوێنانی کورد ڕوویان لەم شارە کرد چ بۆ تەواوکردنی خوێندنی زانستە ئاینییەکان بە

تایبەتی زانستی قورئان خوێندنەوە یا بۆ گەیاندنی ئەو زانستەی لایان بوو. قورئان خوێن (الشیخ أحمد بن ڕمضان بن عبدالله الشهاب السلیماني(٢) المعروف بالشهاب الحلبي٨٠٨-٨٨٠ک/١٤٠٥-١٤٧٥ز) خەڵکی هەرێمی جەزیرەی فوراتییەیە، لە گوندێکی نزیک شاری ئامد لەدایک دەبێت، لە بەشێک لە شارەکانی هەرێمی جەزیرە قورئان و زانستی قورئانی خوێندنەوە و چەند زانستێکی دیکە دەخوێنێ، هەر لەپێناو وەرگرتنی زانست ڕووی کردە شارەکانی حەلەب و ترابلس(٣) قاهیرە، لە سەردەستی پۆلێک زانایانی ئەم شارانە زانستە جیاوازەکان بە تایبەتی زانستی قورئان خوێندنەوە وەردەگرێ، چەندین قوتابی پێگەیاند یەکێک لەوانە زانای ناوداری حەلەب میر (یشبک الظاهري الحلبي م:٨٨١ک/١٤٧٦ز) بوو. (السخاوي،الضوء اللامع،٢٠٠٣، ١/ص٣٠٢-٣٠٣).

قورئانخوێنانی کوردی حەلەب لە (قراءات السبع(٤)) سەردەستە بوون، (الشیخ شهاب الدین السندي، أحمد بن یوسف بن حسین الحصكفي الحلبي الشافعي٨١٥-٨٩٥ک-١٤١٢-١٤٩٨ز) لە حصن کیفا لەدایکبووە، هەر لەم شوێنە قورئانی پیرۆز و کتێبی (الشاطبیة)ی ئەزبەرکردووە، ناسرابوو بە (ملاحاجی). بەرلەوەی کۆچ بکات بۆ حەلەب فەقیهێکی دیاری نێو کۆمەڵگای کوردی بوو. یەکێک بووە لەو زانایانەی بۆ خوێندنی زانستی قورئان خوێندنەوە ڕووی کردووەتە حەلەب، لای پۆلێک زانای شارەکە ئەم زانستەی وەرگرت و گەیشتە ئاستێکی بەرز لە زانستی قورئان خوێندنەوە لە جۆری (قراءآت السبع)، شیکردنەوەی کردووە بۆ کتێبی (حرز الاماني ووجه التهاني)ی الشاطبي. (ابن الحنبلي الحلبي،١٩٧٣،١/١/ص٢٠١؛ الصویرکي،٢٠٠٥،ص ٦٩). هەروەها (الشیخ شهاب الدین الکردي الباکزی(٥)م: ٩٤٨ک/١٥٤١ز) یەکێک لەو زانا بەهرەمەندانەی حەلەب بوو کە شارەزا بوو لە زانستی خوێندنەوەی قورئان. (ابن الحنبلي الحلبي،١٩٧٣،١/١/ص١٣٦-١٣٧؛ محمد ڕاغب الطباخ،١٩٨٩،٥/ص٤٨٦-٤٨٧).

## ب-زانستی ڕاڤەکردنی قورئان ( علم التفسير )

زانستێکە لە زانستە ئاینییەکان، مەبەست لێی لێکدانەوە و لیکۆڵینەوەی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزە بەپێی تواناکانی مرۆڤ، هەروەها بەپێی ڕێزمانی عەرەبی و بنەماکانی (علم الكلام) و (الفقه)، و (الجدل) و چەندین زانستی دیکە، بە مەبەستی زانینی واتای زاراوەکانی قورئان و هەڵێنجانی یاسا ئاینییەکان بە شێوەیەکی ڕاست. (الزركشی،١٩٥٧، ١/ص٣٣٥؛ السيوطي،١٩٧٤،٤/ص ص ١٩٢-١٩٤؛ حاجی خلیفە، د. ت ،١/ص٤٢٧).

لەشاری حەلەب زانای کورد شارەزا لە بواری شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی قورئان هەڵکەوتن و ڕۆڵی کارایان بینی لە کۆمەڵگای حەلەب بۆ خزمەتکردنی ئەم زانستە. بەناوبانگترینیان ڕاڤەکاری نێو بنەماڵەی ئەیوبی (الشيخ شمس الدين المجاهدى الايوبى الحلبي الصوفي ناسراو بە "ابن الشماع" م:٨٦٣ک/١٤٥٨ز) شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی قورئانی پیرۆزی کردووە (ابن الحنبلي،١٩٧٣، ١/٢/ص٨٢-٨٧). هەروەها فقیهی کورد (ابراهيم بن أحمد بن يعقوب،برهان الدين الكردي القصيري(٦)الشافعي) ناسراو بە فقيه (اليشبيكية(٧)) لە زانستی خوێندنەوەی قورئان و ڕاڤەکردنی قورئان باڵادەست بووە، شوێن پەنجەی دیاربووە لە کۆمەڵگای حەلەبی لە سەردەمی دەسەڵاتداریەتی مەمالیکە جەرکسییەکان. (ابن الحنبلي الحلبي، ١/١،١٩٧٣/ص٢٢-٢٦؛ الغزي،١٩٩٧، ١/ص١٠٦-١٠٧). بە شێوەیەکی گشتی ڕێژەی کوردانی ڕاڤەکاری قورئان لەشاری حەلەب کەمترە بەراورد بەو زانایانەی باڵادەست بوونە لە زانستیە ئاینییەکانی وەک زانستی قورئان خوێندنەوە و فەرموودە و فقە و بوارەکانی دیکە.

## ٢- زانستی فەرمووده (علم الحدیث)

زانستی فەرموودەناسی بە یەکێک لە زانستە ئاینییە گرنگەکان لەقەڵەمدەدرێت. دوای قورئانی پیرۆز، فەرموودە سەرچاوەی دووەمی شەریعەتە بۆ هەڵێنجانی ئەحکامە شەرعییەکان. فەرموودە هەموو کردار و گوفتارو ڕەفتار و بڕیارەکانی پێغەمبەر (سڵاوی خوای لەسەر بێت) دەگرێتەوە یا ئەوەی هاوەڵانی ئەنجامیان داوە و پێغەمبەر (سڵاوی خوای لێبیت) نارەزایی لەبارەیەوە نیشاننەداوە، زانستی فەرموودە گرنگی دەدات بە لێکۆڵینەوەی فەرموودەکان لە ڕووی ناوەڕۆک (المتن) و پشگیرییەکان و (اسناد) و ژیانی فەرموودەناسان. (السیوطي، د.ت، ١/ص ٢٣-٢٦؛ صبحي الصالح، ١٩٧١، ص٣؛ عبدالکریم زیدان و عبدالقادر داود، ١٩٨٠، ص ص ٨-٩).

حەلەب پێگەی خۆی لەدەستنەدا بۆ خوێندنی زانستی فەرموودە پیش سەردەمی مەمالیک و تەنانەت لەسەردەمی مەمالیکیش زانا فەرموودەناسەکانی کورد ناوبانگێکی بەرزیان هەبوو لەم شارە. کورد (بنەماڵەی ئەیوبی) لە ماوەی دەسەڵاتی سیاسی لەم شارە گرنگیی تایبەتی بە زانستی فەرموودە و فەرموودەناسان داوە، چەندین خانەی تایبەت بۆ خوێندنی فەرموودە بنیاتنرا بوونە مەڵبەندێکی گرنگ بۆ خوێندنی فەرموودە. (ابن شداد،٢٠٠٦،١/١/ ص٢٣٣-٢٣٨)، ئەم گرنگیدانە بە درێژایی سەردەمی دەسەڵاتداریەتی مەمالیکەکانیش لەم شارە بەردەوام بوو. لە ئەنجامی ئەو ئاستە بەرزە زانستییەی حەلەب بە تایبەتی لە زانستی فەرموودە زۆر زانای کورد لەم شارە دەرکەوتن لە ڕیزی زانا فەرمووودەناسە بەناوبانگەکانی ئەم شارە و جیهانی ئیسلامی ئەژمارکراون. (قادر محمد حسن،٢٠٠٩، ص ص ٢٢٣- ٢٤٣).

ئەوە تایبەتە بە سەردەمی مەمالیکی بورجی، لەنێو زانایانی هەکاری (الشیخ ڕسول بن أبي بکر بن الحسین بن عبدالله بن الزین الهکاري الکردي ٨٠٣-٨٥٣ک/١٤٠٠-١٤٤٩ز). لە ناوچەکەی خۆی زانستە ئاینییەکانی وەرگرت. بۆ گوێگرتن لە فەرموودە ڕووی کردە حەلەب و تیایدا نیشتەجێ بوو دواتر ڕووی کردووەتە قاهیرە. (السخاوي،التبر،٢٠٠٣ ،٢/ص٢٠٠-٢٠١). لەو زانا کوردانەی لە کۆمەڵگەی حەلەبی پێگەیەکی دیاری هەبوو (الشیخ الفقیه علاءالدین الکردي الشرابي(٨) الشافعي م:٩٠٥ک/١٤٩٩ز)، قوتابییانی زانستی فەرموودەناسی لای دەگیرسانەوە، لە سەروەت و سامانی خۆی بۆی خەرجدەکردن، زانای کورد پێش ئەوەی کۆچی دوایی بکات کتێبەکانی وەقف کرد لەلای بنەماڵەیەکی بەناوبانگی حەلەب. (ابن الحنبلي الحلبي ،١٩٧٣، ٢/١/ ص٩١٨ – ٩١٩)

لەنێو شاری حەلەب فەرموودەناسی بەناوبانگ (الشیخ شمس الدین محمد الرمادي(٩) الکردي الشافعي)، نیشتەجێی حەلەب بوو، یەکێک بوو لە بەناوبانگترین زانا فەرموودەناسەکانی حەلەب لە سەردەمی دەسەڵاتداریەتی مەمالیکە جەرکەسییەکان، چەندین قوتابی لە زانستی فەرموودە پێگەیاندووە و بڕوانامەی لەم زانستەش بەخیشوە. (عمر الشماع، ١٩٦٣، و٨)

هەروەها (الشیخ بدرالدین حسن بن علي بن یوسف الاربلي الاصل الحصکفي الحلبي الشافعي م:٩٢٥ک/١٥١٩ز) ناسراو بە "البدر السیوفی" یەک لە موحەدیسە ناودارەکانی حەلەب بوو گەورە و سەرۆکی زانایانی شافعی حەلەب بوو، گرنگیی تایبەتی بە فەرموودەدا چەندین فەرموودەی لە شام و مەککە نووسیبووەوە، ئەو فەرمودانەی دەخویندەوە بە شێوازی ئەزبەرکردن بۆ زانا پایەبەرزەکان. زانای حەلەبی (ابن الحنبلي٩٠٨-٩٧١ک/١٥٠٢-١٥٦٣ز) لە هەندێک لە دەرسەکانی فەرمووده ئامادە دەبوو وەسفی کردووە. لەم دەرسانە چەندین زانستی تیایدا بەکاردەهێنا، بە

دەنگە بەرز و خۆشەکەی فەرموودەی بەزنجیرە تاسەرەتاکەی بە گوێی ئامادەبوان دەچراند، هەروەها ڕێگەشی بە قوتابییانی دابوو، ناوی ببەن کەلای ئەو فەرموودەیان وەرگرتووە. ئەم زانا فەرموودەناسە کوردە بڕوانامەشی بەخشیوەتە قوتابییانی زانستی فەرموودە. (ابن الحنبلي الحلبي،١٩٧٣ ،١/١/ص٣٦٥،٥٠٦-٥١٨).

هەروەها (الشيخ محمد بن داود البازلي الكردي م: ٩٢٥ک/١٥١٩ز) یەکێکی دیکە بوو لەو زانا پایەبەرزانەی حەلەب بەهرەمەند و پێگەیشتووبوو لە زانستی فەرموودە و چەندین قوتابیشی پێگەیاند. (ابن الحنبلي الحلبي،١٩٧٣،٢/١،/ص٩٦١). لەم بوارەدا کتێبی دانراویشی هەیە لەژێر ناونیشانی (غاية المرام في رِجال البخاري الى السيد الانام) بەرگێکی (مجلد) گەورەیە (حاجي خليفة،١٩٤١، ٢/ص١١٩٤). هەروەها (الحاشية على شرح جمع الجوامع للمحلي). (السخاوي،الضوء اللامع،٢٠٠٣، ٧/ص٢٤٠؛ ابن الحنبلي الحلبي، ١٩٧٣، ١/٢/ص٢٠٥؛ الغزي،١٩٩٧، ١/ص٤٦-٤٧).

## ٣- زانستی تێگەیشتن لە ئاین (فقه)

ئەم زانستە لە ڕیزی ئەو زانستانەیە کە لە جیهانی ئیسلامی زۆرترین گرنگیپێدراوە، زانستی فقه بە واتای تێگەیشتن لە قورئانی پیرۆز و هەڵێنجانی حوکمە شەرعیە کردارییەکان دێت لە چوار سەرچاوە گشتیەکە کە قورئان و فەرموودە و و کۆدەنگی (اجماع) و پێوانە (قياس)، و کارئاسانی بۆ فتوادان بەپێی چوار مەزهەبە سونیەکە. (طاش كبرى زادة، ١٢٣٩، ٢/ص١٩٤؛ حاجى خليفة، د.ت،٢/ص١٢٨٢؛ المعاضيدى،١٩٨٠، ص٢١١). زانستی فقە گرنگی بە هەموو ئەو کارانەی بەرەوڕووی تاکەکان دەبێتەوە لەسەرجەم بوارەکانی ئاینی و ئابووری و کۆمەڵایەتی دەدات. (ابن خلدون،١٩٨٢ ،١/ص ٢٥٥؛ علي نجم عيسى،١٩٩٠، ص١٣٤)

حەلەب بە درێژایی مێژووە کۆنەکەی مەڵبەندی کۆبونەوەی زانا و فەقیهان بووە. (ابن الحنبلي الحلبي ،١٩٧٣، ١/١،مقدمة المحقق/ص٣). لە نێویشیاندا زانایان و فەقیهانی کورد ڕیشەیەکی مێژوویی کۆنیان لەم شارە هەیە، تەنانەت ئەم شارە شوێنی لەدایکبوون و پێگەیشتنی چەندین زانای ناوداری کورد بووە. ئەوەی تایبەتە بە سەردەمی مەمالیک لە حەلەب، زانای نیشتەجێی حەلەب (الشیخ بهاء الدین داود بن علی الکردی الحلبي الشافعی م:٨٠٣/١٤٠٠ز) گەیشتە ئاستێکی بەرز لەم زانستە. یەک لە زانا و فەقیهە بەناوبانگەکانی حەلەب بوو. (السخاوي ،الضوء اللامع،٢٠٠٣، ٣/ص٢١٤؛ محمد ڕاغب الطباخ،١٩٨٩، ٥/ص١٣٠). هەروەها زانای بەناوبانگی نێو کۆمەڵگای حەلەبی (یوسف بن حسین الکردي الشافعي م:٨٠٤ک/١٤٠١ز)، لەدیمەشق نیشتەجێ بووە، دواتر هاتە حەلەب ساڵی (٧٦٤ک/١٣٦٣ز ) لەم شارە بووە. پەیڕەوی سونەتی پێغەمبەر (سلاوی خوای لێبێت) دەکرد، لەو زانایانە بوو هاوڕا نەبوو لەگەڵ کورد و نکوڵی دەکرد لەسەر هەندێک بابەتی بیروباوەڕ و داهێنراوەکان. (السخاوي، الضوء اللامع،٢٠٠٣، ١٠/ص٣١١؛ ابن الحنبلي ١٩٨٦،٩/ص٧٤؛ ،قادر محمد حسن،٢٠٠٩،ص٢٥٠)

نەوەکانی بنەماڵەی شەهری کوردی سەرەڕای لێهاتوویی و باڵادەستییان لەلایەنی سەربازی، لەبوای فقهی ئیسلامیش ئاماژەیان بۆ کراوە یەک لەوانەش (میر شرف الدین موسی بن محمد بن شهري(١٠) الترکماني م: ٧٨٠ک/١٣٧٨ز) فەقیهێکی شافعی بەناوبانگ بووە، (ابن حجر، ١٩٦٩، ١/ص١٨٨؛ المقریزی،١٩٩٧، ٥/ص٦١؛ ابن الحنبلی،١٩٨٦، ٤٦٤/٨). دەگوترێ ((لەنێو خەڵکی بە چاکی ناوبانگی دەرکردبوو، پایە بەرز و شکۆمەند و پێشەنگ بوو، ڕەسەن و نەجیب زادە بوو، خاوەن ڕەوشت و ڕێز و چاکە بوو، درێغی نەدەکرد لە بەخشینی ئەو زانستەی هەیبوو، مەزهەبی شافعی بوو، لە هەردوو بواری شمشێر و خامە باڵادەست بوو)). (ابن حبیب الحلبي،و٢٥٠)

لەنێو ڕووداوەکانی ساڵی (٨٥٠ک/١٤٤٦ز) ناوی زانا و فەقیهێکی پایەبەرزی کورد بەرچاودەکەوێت (عبدالله بن عثمان الحيزاني(١١))، لە دەوروبەری ساڵی (٨٠٤ک/١٤٠١ز) لە شارۆچکەی (حيزان) لەدایکبووە، لە سەردەستی کۆمەڵێک زانای جەزیرە خوێندوویەتی پاشان چۆتە حەلەب و قاهیرە، ئینجا گەڕاوەتەوە حەلەب لە گەرەکی (الصالحيە)ی حەلەب نیشتەجێ بووە، سەرقاڵی پێگەیاندنی قوتابییانی زانست بووە، جێگری سوڵتان (تغری برمش٨٣٩-٨٥٠ک/١٤٣٥-١٤٤٦ز) کۆبوونەوەی لەگەڵ ئەنجامدا، لە نزیکەوە ئاشنایەتی لەگەڵ پەیدا کرد. زانای کورد دواتر دەگەڕێتەوە شارۆچکەکەی خۆی، بەڵام جێگری حەلەب داوای لێدەکات بگەڕێتەوە حەلەب لەبەر ئەو ئاستە بەرزە زانستییەی هەیبوو، وەسف کراوە بەوەی، زانایەکی زۆر هۆشدار و زیرەک بوو، زۆر بە حورمەت و ڕێزدار بوو، سادە و ساکار و خاکی و خوڕەوشتێکی چاکی هەبوو. (سبط ابن العجمي،١٩٩٦، ٢/ص١٩٣)

فەقیهانی کوردی شاری حصن کیفا زیاتر لە حەلەب گیرساونەتەوە بەراورد بە کوردانی ناوچەکانی دیکە، یەک لەو زانا کوردانەی بۆ خوێندنی زانستی فقە ڕووی کردە حەلەب، (الشخ محمد بن على بن منصور أبو اللطف الحصكفي ٨١٩-٨٥٩ک/١٤١٦-١٤٥٤ز) لەو زانا کوردانەبوو بۆ خوێندنی زانستە ئاینییەکانی بە تایبەتی فقهی ئیسلامی ڕووی کردە حەلەب (السخاوي،الضوء اللامع،٢٠٠٣، ٨/ص٢٢٠-٢٢١) بنەماڵەکانی هۆزی سندی(١٢) لە حەلەب فەقیهی بەناوبانگ و ناوداریان هەبوو لە کۆمەڵگای حەلەبی و شام لەوانەش (الفقيه أبوبكر بن اسماعيل بن يوسف السندي الحصكفي الصوفي الشافعي) ناسراو بە "الشرابي" م: ٩٢٠ک/١٥١٤ز) برازای زانا و قازی پایەبەرزی کورد لەحەلەب (الشيخ شهاب الدين السندى الحصكفي الحلبي الشافعي)ە. کۆچی کردووە بۆ حەلەب، لە خزمەت زانا کوردەکانی حەلەب بە تایبەتی (الشيخ بدر السيوفى و الشيخ برهان الدين العمادى) و چەندین زانای دیکەی شارەکە

خوێندوویەتی، لە فقیهە ڕێزدارە ماقوڵەکان بوو. (ابن الحنبلي الحلبي،١٩٧٣، ١/١/ص٣٦٥-٣٦٦؛ الغزي،١٩٩٧،١/ص١١٤؛ البغدادی، ١٩٥١، ١/ص٢٣٨)

بەناوبانگترین شێخی حەلەب (محمد بن داود البازلي الكردي الحموي الشافعي ٨٤٥-٩٢٥ك/١٤٤١-١٥١٩ز) لەگەڵ ئەوەی وتاربێژ و موفتی و مامۆستا بوو، لەهەمان کاتدا فەقیهێکی چاکەکار بوو، ئەم زانا و فەقێ کوردە جێدەستی لەنێو کۆمەڵگەی حەلەبی دیاربووە و چەندین زانا و سۆفی و فەقێ و موفتی و مامۆستای بەناوبانگی لە حەلەب پێگەیاند. (ابن الحنبلي الحلبي،١٩٧٣، ٢/١/ص٦٢٥،٧٤٨،٧٥٧؛ ٢٠٢،١/٢-٢٠٥) لە دانراوەکانی لەم بوارە کتێبێکە لەژێر ناونیشانی (حاشية شرح جمع الجوامع للمحلي). (ابن الحنبلى الحلبى، ١٩٧٣، ١/٢/ص٢٠٥؛ حاجي خليفة،د.ت،١/ص٥٩٦)

هەروەها موفتی کورد (جبريل بن أحمد بن اسماعيل، الشخ أمين الدين ابو الوحي الكردي الحلبي الشافعي م:٩٣٠ك/١٥٢٢ز) یەکێکی دیکە بوو لە فەقیهە شافعیە ناودارەکانی حەلەب، گرنگی زۆری دەدا بۆ پێگەیاندی قوتابییان لە بواری فقهی ئیسلامی، پێگەیەکی چەسپاوی هەبوو لە فقە و فتوا. (الشيخ امين الدين) کەسێکی دیندار و خێرخواز و سادە و خاکی بوو. بەردەوام خەریکی فێرکردنی قوتابییان بوو لەوانەکانی فقە و زمانی عەرەبی چەندان وانەی دیکە. (ابن الحنبلي الحلبي ،١٩٧٣، ١/١/ص٤٥٤ - ٤٥٨ ؛ ابن العماد الحنبلي،١٩٨٦، ٨/ص١٧٢)

فەقیهی بەناوبانگ (ابراهيم بن أحمد بن يعقوب، برهان الدين الكردي القصيري الشافعي م:٩٣٣ك/١٥٢٦ز) ناسرابوو بە (فقيهە اليشبيكيە چونکە مامۆستا بوو لەم قوتابخانەیە) و لە قوتابخانەکانی

(الشرقية(١٣)) و (النارنجية(١٤)) بەهۆی نیشتەجێبوونی لەم شوێنانە. ساڵی (٨٥٠ک/١٤٤٦ز) لە دەوروبەری حەلەب لە گوندێگی سەر بە ناوچەی (القصیر) لەدایکبووە، دواتر لەگەڵ باوکی کۆچ دەکەن بۆ حەلەب و تیایدا نیشتەجێ دەبن لای زانا ناودارەکانی ئەو شارە زانستی وەرگرت، دوای پێگەیشتنی زانستی، مکوڕ بوو لەسەر گەیاندنی زانست و زانیاری بە قوتابییان و چەندین قوتابی پێگەیاند لە نێویشیان زانای کورد (زین الدین العمادی(١٥)). هەروەها (الشیخ شهاب الدین البدلیسي(١٦)الشافعي م: ٩٣٣ک/١٥٢٦ز)، دانیشتووی حەلەب بوو، یەکێک لە مامۆستا و فقیهە کوردەکان بوو لە مزگەوتی (تغری بردي(١٧)) و مزگەوتی (منكلي بغا(١٨)) خەریکی وانەوتنەوە بوو، لەگەڵ ئەوەی وەستان هەبوو لە ڕەوانبێژییەکەی بەڵام کۆمەڵێکی زۆر لە خەڵکی حەلەب سودمەندبوون لە وانەکانی وەسف کرایە بە ((كان فقيها اصوليا)). (ابن الحنبلي الحلبي ،١٩٧٣، ١/١/ص١٣٢–١٣٤).

لەنێو کوردانی ناوچەی القصیر (داود بن سليمان القصيري الشافعي م:٩٣٥ک/١٥٢٨ز)، برای (الشيخ عبدو القصيري الكردي) بوو. دوای ئەوەی زانستی فقهی وەرگرت لای زاناکانی ناوچەکەی، دەستی کرد بە پێگەیاندنی قوتابییان لە زانستی فقە کە زۆر لێهاتوو بوو لەم بوارە ((فقيه مكين بارع)). (ابن الحنبلي الحلبي،١٩٧٣، ٢/١/ص٦١٣ ؛ الغزي،١٩٩٧، ٢،/ص١٤٢؛٣/ص٣٨).

یەکێکی دیکە لە زانا بەناوبانگەکانی ئەم شارە (ابراهيم بن عبدالرحمن بن محمد ناسراو بە الشيخ الاسلام برهان الدين ابن زين الدين العمادي) لە بنەماڵەیەکی کوردی خەڵکی ئامێدی بوو، لە حەلەب بە (ابن العمادي) ناوبانگی دەرکردبوو، چونکە باوکی لە زانا دیار و پایەبەرزەکانی نێو

کۆمەڵگەی حەلەبی بوو. (برهان الدين العمادی) ساڵی (٨٨٠ک/١٤٧٥ز) لە حەلەب لەدایکبووە، لەلای زانا بەناوبانگەکانی ئەو شارە لەنێویشیان زانایانی کورد وەک (الشيخ ابراهيم بن أحمد بن يعقوب، برهان الدين الكردي القصيري الشافعي اليشبيكي و الشيخ بدرالدين السيوفي) زانستە ئاینییەکانی وەرگرت، لەگەڵ ئەوەی مامۆستا بووە لە مزگەوتی (الاعظم والعصرونية)، لە بواری فیقهی ئیسلامی زانستێکی باشی هەبوو هەتا دەیگوت ((من هيچ نازانم تەنیا فقه نەبێت)). ساڵی (٩٥٤ک/١٥٤٧ز) لە حەلەب کۆچی دوایی کردووە. (ابن الحنبلي الحلبي،١٩٧٣،١/١/ص٧٤-٨٣ ؛ الصويركي،٢٠٠٥،ص١٠)

## ٤- زانستی کلام

زانستێکە بەڵگەهینانەوە دەگرێتەخۆ بۆ بەرگریکردن لە بنەماکانی باوەڕ و بەرپەرچدانەوەی بیدعەکاران وەلادەران لە ڕێگای ڕاست سەبارەت بە بیروباوەڕە چەوتەکان و لایان دابوو لە مەزهەبی پێشینە و ئەهلی سوننە، نهێنیی ئەم بیروباوەڕ ئیمانیە بریتیبوو لە یەکتاپەرستی. لەلای (ابن خلدون) (علم كلام) بریتییە لە بەرگریکردن لە بنەما و بەها ئیمانییەکان دوای ئەوەی کە شەرع فەرزی کردووە بەتەواوی لەلایەنی بەڵگە هێنانەوەی عەقڵی ئینجا بیدعە دەردەکەوێ و گومان و دڵەڕاوکێ سەبارەت بە باوەڕ ئاشکرا دەبێت. (ابن خلدون،١٩٨٨، ١/٥٨٠)

زانستی (کلام) یەک لە بوارەکانی دیکەی زانست بوو، کوردانی حەلەب لەم زانستە شارەزا و لەم بوارانە پێگەیشتووبوونە، لە پێشەوەی هەموویان لە سەردەمی مەمالیک (الشيخ شمس الدين المجاهدی الايوبی الحلبي ناسراو بە ابن الشماع) لە زانستی (کلام) بەهرەمەندبوو دانراویشی هەبووە لەم ڕووەوە لەوانە(شرح البرهانيه)ی برهان الدين محمد النفسي (م: ٥٣٧ک/١١٤٢ز). (ابن الحنبلي الحلبي،١٩٧٣،١/٢/ص٨٣-٨٥؛

الغزي،٣،١٩٩٠/ص١٧٥). هەروەها (أحمد بن يوسف الحصكفي الحلبي الشافعي م:٨٩٥ك/١٤٨٩ز) ناسرابوو بە (ملا حاجي)، لە فەقیهە ناسراوەکان. (ابن الحنبلي الحلبي،١/١،١٩٧٣/ص٢٠١-٢٠٥). لەزانستی (الكلام) باڵادەست بوو و چەند دانراویشی هەبوو لەوانە (شرح طوالع الانوار)ی (البيضاوي م:٦٩١ك/١٢٩١ز) و (تحفة الفوائد شرح عقائد النسفي)ی (نجم الدين م: ٥٣٧ك/١١٤٢ز). (حاجي خليفة،د.ت،٢/ص١١٤٦؛عمر ڕضا كحالة، ٢/ص٢١٠)

## ٥- سۆفیگەری

سۆفیگەری سەرچاوەکەی بریتییە لە خۆتەرخانکردن بۆ خواپەرستی و دوورکەوتنەوە لە هەموو کارێکی ناپەسەند و نەشیاو پاککردنەوەی دڵ و دەروون لە هەموو ئەو کار و کردەوانەی کە خەڵکی دیکە ئەنجامی دەدەن، لێکۆڵینەوەی قورئان و فەرموودە بە تایبەتی لایەنە ڕۆحیەکەی بە شێوەیەکی قوڵ بۆ بەجێهێشتنی کاریگەری لەسەر دەروونی مرۆڤەکان. (ابن خلدون، ١٩٨٢، ٢٨١/١-٢٨٢، احسان الباكستاني، ١٩٨٦، ص٢١) بەپێی ئاماژەی سەرچاوە و ژێدەرە مێژووییەکان دەردەکەوێت سۆفیگەری لە حەلەب لە سەردەمی مەمالیک کاریگەر بوو بەو بارودۆخە سەربازی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەی کە ئەم شارە پیایدا تێپەڕدەبوو، هەر لە مەترسییە دەرەکییەکانی هێرشە زۆر و بەردەوامەکانی خاچییەکان و مەغۆل و ئەرمەنەکان ئەو زیانە مرۆییانەی ئەم شار توشی هات و بڵاوبوونەوەی ترس و دڵەڕاوکێ و بەهۆی کارەساتە سروشتییەکان وەک بوومەلەرزە و لافاو و بڵاوبونەوەی نەخۆشی بە تایبەتی پەتای طاعون، هەروەها ئەو کارەساتە مرۆییەی کەلێی دەکەوتەوە کاریگەری لەسەر دەروونی کۆمەڵگەی حەلەبی جێهێشت، بووە هۆکارێکی پاڵنەر بۆ ئەوەی حەلەبییەکان زیاتر ڕوو لە سۆفیگەری بکەن. (بيبرس الدوادار، ١٩٩٨،ص ص ٣٤٩-٣٥٠؛ كمال بدور، ٢٠٠٢،ص ص ٩٩-١٠٠)

لەنێو بزاڤی سۆفیگەریی ئیسلامی لە حەلەب، ژمارەیەک سۆفی و پیاوچاک و زاهیدی کورد لە حەلەب دەرکەوتن لە ڕابەران و پێشەنگانی ئەم بزاڤە دەهاتنە ئەژمارکردن، ڕۆلی کارایان گێڕا لە بڵاوکردنەوەی هزری سۆفیگەری و خواناسی (الشيخ شهاب الدين محمد بن أحمد الكردي الحلبي الشافعي م:٨٨١ک/ ١٤٧٦ز) ڕێچکەی سۆفیگەری گرتبووە بەر، لە کۆتاییی تەمەنی ڕووی کردۆتە شاری (القدس) و لەوێ کۆچی دوایی کردووە. (العليمي،١٩٦٨، ٢/ص١٩٧). (الشيخ شهاب الدين الكردي الشافعي الاحمدي)، برازای (الشيخ عثمان الكردي م: ٨٩٨ک/١٤٩٢ز(١٩)) بوو ئەوەی لەبارەیەوە زانراوە لە حەلەب نیشتەجێ بووە. لە قوتابخانەی الشرقيه دادەنیشت، گرنگی بە بواری زانستی دەدا بە تایبەتی لە بواری ئەدەبی شیکردنەوەی کتێبی (بديعية ابن حجة م:٨٧٣ک/١٤٦٨ز) کردووە. یەکێک بوو لە لایەنگرانی ڕێبازی سۆفیگەریی ئەحمەدی، ساڵی (٩١٧ یا٩١٨ک/١٥١١ یا ١٥١٢ز) کۆچی دوایی کرد، کاتێک لە حوجرەیەکی قوتابخانەی الشرقيەی حەلەب نیشتەجێبوو، ڕۆژێک خەریکی پاککردنەوەی حوجرەکە دەبێت شتێک بەرسەری دەکەوێت، نزیکەکانی تەنیا گوێیان لەوتنی وشەی (الله الله) دەبوو لێی، چەند ڕۆژێک ژیا دواتر مرد. (ابن الحنبلي الحلبي،١٩٧٣ ، ١/١/ص١٨٠ - ١٨١؛ محمد ڕاغب الطباخ،١٩٨٩،٥/ص٣٥٣)

لە بەناوبانگترین سۆفییە هەڵکەوتووەکانی نێو بنەماڵەی ئەیوبی لە حەلەب لە سەردەمی مەمالیک (الشيخ شمس المجاهدی الايوبي محمد بن محمد بن علي الحموي الحلبي الشافعي الصوفي) ناسراو بە (ابن الشماع٧٩١-٨٦٣ک/١٣٨٩-١٤٥٨ز)، یەک لەنەوەکانی بنەماڵەی ئەیوبی بوو، لە شاری حماە لەدایکبووە، بۆ وەرگرتنی زانست دەچێتە میسر، ئینجا دەگەڕێتەوە لە حەلەب نیشتەجێ دەبێ بۆ پەروەردەکردنی موریدەکانی و ڕێنوێنیکردنی ئەوانەی ڕوویان تێدەکرد. ئەوەی جێی سەرنجە (ابن الشماع) لەگەڵ خەریکبوونی بە سۆفیاتی بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە

کاروباری ڕۆژانە و ژیانی کۆمەڵگەی دانەبڕاوە ئاشکراترین نموونە لەم بارەیەوە کاتێک جێگری سوڵتان (ابن الشماع الشافعي)ی هەڵبژارد وەک بەڕێوبەری خانەی لێدانی دراو، خەڵک سەرزەنشتیان کرد لەسەر ئەم کارەی بەوەی (ابن الشماع) سۆفیە چۆن دەکرێت دەستبخاتە کاروباری دونیا، بۆیە وەڵامیدانەوە و وتی: ((بذلت نفسي لاصلاح أحوال الناس)). (سبط ابن العجمي،١٩٩٦،٢/ص٢٨٢)

لە دانراوەکانی لەم بوارە کتێبێکە بۆ زاراوەکانی سۆفیگەری لەژێر ناونیشانی (منشأ الاغالط في اصطلاح الصوفية). هەروەها بیربۆچوونەکانی خۆی لە بەرگێک کۆکردەوە کە دوور بوو لە هەموو جۆرە بیروڕایەک دژ بە ئاینی ئیسلام. (ابن الحنبلي الحلبي ،١٩٧٣، ١/٢/ص٨٢–٨٨؛ محمد ڕاغب الطباخ،١٩٨٩، ٥/ص٢٦٠ - ٢٦٢) هەروەها (ابن الشماع) لە ڕیزی ئەو سۆفییە کوردانە بوو کە چاوی لە دەستی کەس نەبووە بۆ دابینکردنی بژێویی ژیانی و ڕەخنەی ئاراستەی ئەو سۆفیانە دەکرد کە بە ناوی سۆفیاتی پشتیان بە خەڵک دەبەست بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانیان وەک لەم دەقە شعرەی دەردەکەویت:

**صرفت عَن الكثرات وَجه تَوَجُّهِي        إِلَى وحدة الْوَجْه الْكَرِيم الممجد**

**فَمَا خَابَ حصروف إِلَى الْحق وَجهه        وَقد خَابَ من أضحى من الْخلق يجتدي**

(السخاوي،الضوء اللامع،٢٠٠٣، ٩/ص١٤٢؛ محمد ڕاغب الطباخ،١٩٨٩،٥/ص٢٦٠ – ٢٦١) .

لەنێو سۆفییە کوردەکانی خەڵکی ئامەد (عبدالطيف الامدي الروشني الخرقة (٢٠)م :٩٣٢ک/١٢٥٦ز)، ئەوەی لەبارەیەوە زانراوە یەک لە سۆفیەکانی حەلەب بوو، ڕۆژانی هەینی هەڵدەستا بە دروستکردنی زنجیرەی زیکر و ویرد لە مزگەوتی گەورەی حەلەب لە (میحرابی الاصفر)

که ناسرابوو به (الحنابلة). (ابن الحنبلي الحلبي ،١٩٧٣،٢/١/ص٨٤٥ – ٧٤٦ ؛ الغزي،١٩٩٧،١/ص٢٥٦).

لەنێو ئەو سۆفییە کوردانەی حەلەب گرنگیدا بەکاری خێرخوازی بۆ کۆمەڵگەی حەلەبی (شرف الدين الحصكفي م: ٩٣٣ك/١٥٢٦ز) ناسراو بە (ابن الشاطر)، لە ماوەی ژیانی لە حەلەب بەردەوام بووە لەسەر بەندایەتی و خواپەرستی و کاری چاکە، پەیوەندی چاک و پتەوی لەگەڵ موریدەکانی هەبوو بەچاوی ڕێز و بەرەکەت سەیریان دەکرد. (ابن الحنبلي الحلبي،١٩٧٣،١/٢/ص٢٢٨-٢٣١؛ الغزي ،١٩٩٧،١/ص ٣١٤)

هەروەها (موسى بن حسن الكردي الالاني(٢١) الشافعي) شارەزابوو لە زانستی ڕەوانبێژی (البلاغة). سەرەتای ژیانی زانستی لە شاری مەراغە بوو، دواتر هاتە حەلەب لە ڕیزی زانا ناودارەکانی ئەم شارە بوو، ئەرکی وانەگوتنەوەی وەرگرت لە زاویەی (الشيخ عبدالكريم الخافي (٢٢)) وەسفکرابوو پیاوێکی زاهد و ئارامگر و لەخواترس بوو، ناوبانگی دەرکردبوو بە (ملا موسى الاول الكردي الالاني)، لە کۆتایی بەهۆی توشبوونی بەپەتای طاعون، ساڵی (٩٣٠ك/١٥٢٢ز) لە شاری حەلەب کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی (اولاد الملوك) لە دەرەوەی (باب قنسرين) بەخاکسپێردرا. (ابن الحنبلي الحلبي،١٩٧٣، ٢/ ١/ ص ص٥٠٢ – ٥٠٤؛ الغزی،١٩٩٧، ١/ص٣٠٩)

هەروەها (الشيخ موسى بن الحسين) ناسراو بە (عوض بن مسافر بن الحسين محمود الكردي الالاني الرسولي الشافعي) زانستی لای دەستەیەک وەرگرت، قوتابخانەیەکی لە (العمادية) بنیاتنا، بووە مامۆستا تیایدا. ئینجا ڕووی کردە سۆفیاتی، گەشتی کرد بۆ حەمما دواتر چووە حەلەب بۆ چارەسەری نەخۆشییەک کە توشی ببوو. لە قوتابخانەی (الشرقيه) گیرسایەوە دواتر گەڕاوە بۆ حەمما، دووبارە گەڕایەوە حەلەب شێخایەتی (الزينية(٢٣))ی وەرگرت، هەروەها سەرقاڵی پەروەردەکردنی موریدەکانی

بوو له دانیشتن و کۆبونەوەی لەگەڵ موریدەکان ئامادەدەبوو. شێخ موسی بەردەوام بووە لە سەر خواپەرستی و بەخشینی خواردن بۆ ئەو کەسانەی ڕوویان تێدەکرد چ پاشا بوونایە یا گەدا، ناوبانگی دەرکردبوو بە ڕووخۆشی و قسەی خۆشی و زمانپاراوی و بەکارهێنانی ڕاڤەی قورئان و فەرموودە و وشە سۆفییەکان لە ڕیزی شێخە بەناوبانگەکانی حەلەب بوو. ساڵی (٩٣٩ک/١٥٣٢ز) بەهۆی توشبوونی بە پەتای طاعون کۆچی دوایی کرد، لە ڕێورەسمێکی گەورە لە گۆڕستانی (الصالحین) لەسەر وەسیەتنامەی خۆی بەخاکسپێردرا. (ابن الحنبلي الحلبي،١٩٧٣،٢/٢/ص٥٠٤-٥٠٥)

یەکێکی دیکە لە سۆفیە بەناوبانگەکان (الشیخ الصوفي زین العابدین بن حسین بن علي بن عبدالله ابن الجزري) لە حەلەب لەدایکبووە جیا لە زمانی عەرەبی شارەزاییەکی باشی هەبوو لە زمانەکانی دیکەی وەک فارسی و تورکی، سۆفی بووە لەسەر ڕێبازی ((قادري و سهروردي و رفاعي))، ساڵی (٩٠٥ک/١٤٩٩ز) (الخرقە)ی پەیڕەوانی ڕێبازی قادری پۆشی ساڵی (٩٣٧ک/١٥٣٠ز) لە شاری حەلەب کۆچی دوایی کرد. (ابن الحنبلي الحلبي،١٩٧٣،١/٢/ص٦٤٦-٦٤٨؛ الغزي،١٩٩٧،٢/ص١٤٤—١٤٥؛محمد راغب الطباخ الحلبي،١٩٨٩ ٥/ص٤٥١-٤٥٢)

لەو سۆفییە کوردانەی بناغەی سۆفیگەری لە ناوچەی (جبل الاقرع(٢٤)) چەسپاند (الشیخ عبدو بن سلیمان الکردي القصیري الشافعي الصوفي الخلوتي م: ٩٤٤ک/١٥٣٧ز)، لە بنەڕەتدا خەڵکی گوندی (خینو)ی سەر بە شاری (القصیر) بوو، لەگەڵ ئاوەدانی جوانی گوندەکەی جێیهێشت ڕووی کردە گوندێکی وێرانە لە (جبل الاقرع)، ئاوەدانی کردەوە خانوویەکی تێدا دروستکرد، دواتر خەڵکانی دیکەیش ڕوویان کردە ئەم ناوچەیە و چەندین خانوویان تێدا ئاواکرد (ابن الحنبلي الحلبي،١٩٧٣،١/٢/ص٨٧٥ )، بناغەی سۆفیگەری لەم ناوچەیە دانا، لەو

کەسانە بوو بە ڕادەیەکی زۆر خواپەرستی دەکرد و لایەنگرانی (الخرقة)ی ڕەشیان دەپۆشی، ناوبراو چەندین موریدی هەبوو. بنەماڵەی (الشیخ عبدو) یەکەم بنەماڵەی سۆفیگەری بوونە ڕوویان کردۆتە ئەو ناوچەیە و ئاوەدانیان کردۆتەوە، هەروەها (الشیخ عبدو) بۆتە گەورە و دەسەڵاتداری ئەو ناوچەیە و بناغەی سۆفیگەری لەم ناوچەیە دامەزراند. (ابن الحنبلي الحلبي،١٩٧٣، ١/١/ص٢٦٩ - ٢٧٠).

نابێت (رسول بن خضر الكردي البالكي (٢٥)الشافعي م: ٩٥٨ک/١٥٥١ز) لەبیربکەین، کە نیشتەجێی حەلەب بوو، باوکی شێخێکی بەناوبانگ بوو خاوەنی زاویە و چەندین مورید بوو، بەڵام خۆی زیاتر خواپەرستی دەکرد لە زاویەی (الزينية) و(الشيخ عبدالكريم الخافي).(ابن الحنبلي الحلبي١٩٧٣،٢/١/ص ٦٢٦-٦٢٧). سۆفییە کوردەکان خاوەن پێگەی دیاربوونە لە کۆمەڵگە بەشێکیان لە چینی مامناوەند لە ئاستی ژیانیان بوون و لەلایەن کۆمەڵگا پاڵپشتی دەکران، و نموونەیەکی جوانیان پێشکەشی کۆمەڵگەی حەلەب کرد، چونکە سۆفییە کوردەکان ئەوانە نەبوون تەنیا لە مزگەوت و حوجرەکان پەرستشەکانیان ئەنجامبدەن و گۆشەگیر بن لە کۆمەڵگا داببڕێن، بەڵکو ئەوان ڕێچکەی سۆفیگەرییان گرتبووەبەر و خزمەتی کۆمەڵگایان دەکرد لە هەموو بوارەکان و خەریکی کاروپیشەی ڕۆژانەیان بوون، توانیویانە نموونەیەکی باش پێشکەش بە کۆمەڵگەی حەلەبی بکەن. لە هەمان کاتدا خواناس و سۆفییەکی ناوداریش بوون، سۆفییە کوردەکان بۆ بڵاوکردنەوەی هزری سوفیگەری ڕوویان کردە ئەم بزاڤە نەک وەک ئەوانەی لە ترسان یا لە برسان ڕوویان لە سۆفیگەری کردبێ لە مزگەوت و خانەقاکان نیشتەجێ بن بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیانی ڕۆژانەیان.

**دووەم: زانستی زمان و وێژە**

## ١- زانستی زمانی عەرەبی ( النحو الصرف والبلاغة)

زمانی عەرەبی زمانی قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەر (سلاّوی خوای لێبیت). زمانی عەرەبی دەفر و قالّبی ڕوونکەرەوەیە بۆ زانستە ئاینییەکان و تێگەیشتن لە ئەحکامە شەرعییەکان، بەم زمانە مێژووی ئیسلامی نووسراوەتەوە سوڵتانەکانی مەملوکی گرنگی تایبەتیان بە زانستی زمانی عەرەبی دا، لەبەر بەهێزیی پەیوەندیی نێوان زانستی زمانی عەرەبی و زانستە ئاینییەکان، ئەم زانستە یارمەتیدەر بوو بۆ تێگەیشتن لە مانا و مەبەستەکانی قورئانی پیرۆز و فەرمایشتەکانی پێغەمبەر (سلاّوی خوای لێبیت)، هەروەها باوەڕهێنانی مەمالیکەکان بە ئاینی ئیسلام و بەرگریکردن لێی هۆکاری سەرەکی بوو بۆ گەیشتن بە دەسەلاّت و بەردەوامبوونیان. بە درێژایی سەردەمی ئیسلامی زانایەک نەبووە لە بواری شەریعەت مەگەر بەهرەمەند نەبووبێ لە زانستی زمانی عەرەبی، هەتا ئەو کەسەی زانا نەبوایە لە زانستی زمانی عەرەبی گومان لە زانستەکەی دەکرا و بێبەشدەبوو لە زۆر پۆستی ئیداری و ئاینی. (منصور احمید الصوفي،٢٠١٠،ص ص٢٠٤ - ٢٠٥)

لە شاری حەلەب ژمارەیەک زانای کورد دەرکەوتن بەهرەمەندبوون لە زانستی زمان و ڕێزمانی عەرەبی و سەربەرزبوون بە خزمەتکردنی زمانی قورئان و مێژووی ئیسلامی، لە پێشەوەی هەموویان (الشمس المجاهدی الایوبي الحلبي الصوفي ناسراوبە "ابن الشماع" م: ٨٦٣ک/١٤٥٨ز) لە نەوەکانی بنەماڵەی ئەیوبی بوو لە حەلەب، لەلایەن مێژوونووسانەوە باسیکراوە لە ڕادەبەدەر زیرەک و هۆشیار بووە، زانستی ڕێزمانی عەرەبی لای زانایەکی بەناوبانگی کوردی حەلەب (الشیخ عثمان الکردي م: ٨٩٧ک/١٤٩١ز) وەرگرت، لەم زانستە بەهرەمەند و پێگەیشتوو بوو، بۆیە شیکردنەوە ڕاڤەکردنی قورئانی پیرۆزی کردووە.

(السخاوي، الضوء اللامع،٩،٢٠٠٣/ص٢٤٣؛ابن الحنبلي الحلبي،١/٢،١٩٧٣/ص٨٢-٨٧). سوڵتانەکانی مەملوکی مکوڕ بوون لەسەر گرنگیدان بە زانستی زمانی عەرەبی، لە دامەزراوە ئاینی و زانستییەکان وەکو بابەتی سەرەکی دەخوێندرا. زانایانی شاری حەلەب تێبینی ئەوەیان کردبوو لەلایەن دەسەڵاتدارانی مەملوکی گرنگییان پێدەدرێت بۆ بڵاوکردنەوەی زانستی زمانی عەرەبی، بۆیە هەوڵەکانیان دەخستەگەڕ بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم زانستە لەڕێی وانەکانیانەوە یاخود لە ڕێگای دانراوەکانیان. (عمر فروغ، ١٩٨٩، ٦١٣/٣؛ كمال بدور،٢٠٠٢،ص٣٠١). لەنێو ئەو مامۆستا کوردانەی شارەزا بوو لە زانستی زمانی عەرەبی لە دامەزراوە زانستییەکان ئەو زانستەی بە قوتابییان دەگەیاند (علي بن محمد بن عبدالرحيم الحصكفي م:٩٢٥ک/١٥١٩ز) دەگوترێت: ((مامۆستا(شێخ)ی قوتابییان بوو... لە زانستی زمانی عەرەبی سوارچاک بوو کەس نەیدەتوانی شان لە شانی بدات لە زانستە ئەدەبییەکانیش، پێشبڕکێی لەگەڵ نەدەکرا، باڵادەستبوو لە زانستی کێش و سەروای شیعری)). (ابن الحنبلي الحلبي،١٩٧٣،٩٨١/٢/١) ئەم زانا کوردە یەکێک بووە لەو زانا پایەبەرزانەی چەندین زانای حەلەب لە دەرسەکانی سوودمەندبوونە، لە تایبەتمەندیەکانی ئەوە بوو هەمیشە لە هەوڵی لێکۆڵینەوە و گەڕان بووە بەدوای زانست. (ابن الحنبلي الحلبي،١٩٧٣، ٢/١/ص٩٧٩-٩٨٢؛ الغزي،١/ص٢٦٥). (برهان الدين الكردي القصيري اليشبيكيه م:٩٣٣ک/١٥٢٦ز)، یەکێکی دیکەبوو لەو زانایانەی شارەزایی لە زانستە ئیسلامییەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو لێهاتوویییەی لە زانستی زمانی عەرەبی، پۆلێک لە قوتابییانی حەلەبی لەم زانستانە پێگەیاند. (ابن الحنبلي الحلبي ،١٩٧٣،١/١/ص٢٢-٢٥؛ الغزي،١٩٩٧،١/ص١٠٦-١٠٧).

بەشێکی گرنگ لە زانستی زمانی عەرەبی بریتییە لە زانستی ڕێزمان (النحو). (القلقشندي،١٩٨٧، ١/ص٢٠٤). چەند زانایەکی کورد لە حەلەب لەم زانستە دەرکەوتن، لەپێشەوەی هەموویان لە سەردەمی مەمالیک (الشيخ

أبوبكر الكردي، يوسف بن يعقوب بن شرف بن حسام بن حجي الكردي الحلبي الشافعي ٨٠٠-٨٥٢ك/١٣٩٨-١٤٤٨ز) دوای ئەوەی هاتە حەلەب لە گەڕەکی تورکمانەکان نیشتەجێبوو، شارەزا بوو لە زانستی ڕێزمان (النحو) و قورئان، بەردوام بوو لەسەر قورئان خویندنەوە هەروەها وانەی دەگوتەوە لە مزگەوتی گەورەی حەلەب. (سبط ابن العجمي،١٩٩٦،٢/ص٢١٦؛ السخاوي، الضوء اللامع،٢٠٠٣،١٠/ ص٣٣٧؛ محمد ڕاغب الطباخ، ١٩٨٩،٥/ص٢٣٥). هەروەها (الشيخ ابو اللطف الحصكفي م: ٨٥٩ك/١٤٥٤ز) یەکێکی دیکە لەو زانایانەی گرنگیدەدا بە زانستی (النحو) و دانراویشی هەیە لەم بوارە لەژێر ناونیشانی (شجرة في علم النحو). (السخاوي،الضوء اللامع،٢٠٠٣،٨/ص٢٢٠ - ٢٢١ ؛الزركلي،٢٠٠٢، ٦/ص٢٨٧ - ٢٨٨) . (الشيخ بدر الدين السيوفي) لەگەڵ ئەوەی موحەدیسێکی بەناوبانگ بوو، لێهاتوو بوو لە زانستی (النحو) دانراوەکانی لەم بوارە (الحاشية على شرح الكافية المتوسط). (ابن الحنبلي الحلبي،١٩٧٣،١/١/٥٠٦-٥١٠؛ ابن العماد الحنبلي،١٩٨٦، ١٠/١٨٥-١٨٦). یەکێکی دیکە لە زانا کوردەکانی حەلەب بەهرەمەندبووە لە (النحو) (الشيخ عزالدين بن شرف البالكي) بوو، لە پیاوانی سەدەی (٩ک/١١ز)، ساڵی (٨٩٤ک/١٤٨٩ز) لە قوتابخانەی (قجماسي(٢٦)) لە شاری حەلەب کتێبی (الموشح في شرح الكافية)ی نووسیوەتەوە کە ئەمە (شرح الكافيه في النحو)ی (ابن حاجب م: ٦٤٦ک/١٢٤٨ز). (النعيمي،١٩٩٠،١/ص٤٣٤؛ زرار صديق تۆفيق،٢٠١٠،ص٢٨) دوا زانای کورد لەم بوارە ئاماژەی بۆ کرابێ (جبريل بن احمد بن اسماعيل الكردي م:٩٣٠ک/١٥٢٢ز) زۆر لێهاتوو بوو لە (النحو)، لە قوتابخانەیەکی حەلەب وانەی زانستی (النحو)ی دەگوتەوە و دانراویشی لەم بوارە بەناوی (شرح الاجرومية) هەبووە. (ابن الحنبلي الحلبى،١٩٧٣،١/١/ ص٤٥٦-٤٥٨؛ الغزي،١٩٩٠، ٢/ص٦١).

بەشێکی دیکەی زانستی زمانی عەرەبی بریتییە لە زانستی (الصرف) (التهانوي،١٩٩٦،١/٢٠-٢٣). ئەوەی ئاماژەی بۆ کراوە لەم زانستە زانای

بەناوبانگ (أبوبكر بن اسماعيل بن يوسف السندى الحصكفى الشافعى الشرابى م: ٩٢٠ک/١٥١٤ز) سەرەڕای شارەزایی و لێهاتویی لە زانستی (گەردووونناسی) لەگەڵ ئەوەشدا لە زانستی (الصرف) زانا بوو لەوکاتەی لە قوتابخانەی (العصرونية)ی حەلەب بوو شرۆڤەکردنێکی جوانی کردووە بۆ کتێبی (القصاری)ی (ابن حجر العسقلاني م:٨٥٢ک/١٤٤٨ز) کە تایبەت بە زانستی (الصرف)، ساڵی (٩١٠ک/١٥٠٤ز) بەدەستنووسی خۆی ئەو کتێبەی نووسی. (ابن الحنبلي الحلبي،١٩٧٣،١/١/ص٣٦٥-٣٦٦؛ البغدادي،١٩٥١، ١/ص٢٣٨). هەروەها زانا و فەقێی بەناوبانگ (الشيخ بدرالدين الاربلي الحصكفي الحلبي م:٩٢٥ک/١٥١٩ز) ناسراو بە "ابن السيوفي" بەهرەمەند بوو لە زانستی الصرف، لە دانراوەکانی لەم بوارە (شرح تصريف العزي في الصرف). (الغزي،١/ص١٧٨-١٧٩؛ ابن العماد الحنبلي،١٩٨٦، ٨/ص١٣٣ - ١٣٤).

## ٢- زانستی وێژە (الادب)

### أ- هۆنراوە و ڕەوانبێژی و پەخشان (الشعر و البلاغة و النثر)

یەکێک لەبوارەکانی وێژە، هۆنراوە یا هەڵبەست بوو، شاعیران ئاوێنەی کۆمەڵگا بوون، هونەردۆستانی کوردیش لەنێو شاری حەلەب بەشێکی دانەبڕاوی کۆمەڵگا بوون بۆیە لە بوارە جیاوازەکان شعريان نووسیوە، دەستەیەک شاعیری کورد دەرکەوتن ناوبانگیان لە کۆمەڵگای حەلەبی بڵاوبۆوە، لەپێشەوەی هەموویان لە سەردەمی مەمالیک و لە ئەدیبە ناسراوەکانی کورد کە بنەچەی دەگەڕێتەوە بۆ شاری حەلەب (محمد بن ناهض بن محمد بن حسن بن ابى الحسن الشمس الكردي الاصل الحلبي ٧٥٧-٨٤١ک/١٣٥٦-١٤٣٧ز) لە شاری حەلەب لەدایکبووە و پێگەیشتووە دواتر دەچێتە شاری قاهیرە تیایدا دەمێنێتەوە گرنگی زۆری بەبواری ئەدەب دەدا هەتا دەگوترێ ((هیوایەتی وێژە و پەخشان بوو)). (المقريزي،٢٠٠٢،٣/ص١٤٧؛ السخاوي،الضوء اللامع،٦٧/١٠؛ محمد

ڕاغب الطباخ الحلبي،١٩٨٩، ٥/ص٢٦٠-٢٦١؛ الصويركي،٢٠٠٥،ص٦٣٦)، له دانراوەکانی له بواری پەخشان (بستان الناظر وانس الخاطر). (المقريزى،٢٠٠٢،٣/ص٣٧٩؛السخاوي،الضوء اللامع،٢٠٠٣،١٠/ص٦٧؛ الزركلي،٢٠٠٢، ٧/ص١٢٢). شعرەکانی دەچووه قاڵبی سۆفیگەری و پەندوەرگرتن.

**کم دولة بفنون الظُّلم قد فنيت وَرَاح آثَارهم فِي عكسهم ومحوا**

**وَجَاء من بعدهمْ من يفرحون بهَا وَقَالَ سُبْحَانَهُ حَتَّى إِذا فرحوا** (السخاوي،الضوء اللامع،٢٠٠٣،١/ص٦٧؛ محمد الطباخ الحلبي،١٩٨٩،٥/ص٢١٤ – ٢١٥)

(الشمس المجاهدى الايوبي ابن الشماع م: ٨٦٣ک/١٤٥٨ز) له پەخشان دەستێکی باڵای هەبوو، زیرەکی و لێهاتوویەکی سەرسوڕهێنەری هەبوو. هۆنراوەکانی زیاتر دەچووه قاڵبی سۆفیگەری، نموونەی شعرێکی که دەڵێت: (السخاوي، الضوء اللامع،٢٠٠٣، ٩/ص٤٤٢؛ محمد ڕاغب الطباخ، ١٩٨٩،٥/ص٢٦١) .

لو كنت أعلم أن وصلك ممكن بتلاف ڕوحي او ذهاب وجودي

لمحوت سطري من صحيفة عالمي وهجرت كوني في وصال لشهودي (ابن الحنبلي الحلبي،١٩٧٣،٢/١/٨٣).

(محمد بن عبدالرحيم بن محمد بن محمد الحصكفي (باوکی على بن محمد الحصكفي پۆستی دادپەروەری هەبوو له دادگای حەلەبی)، دوای ئەوەی ڕووداوەکاتە شاری حەلەب له بواری ئەدەبی شارەزایی تەواوی هەبوو، لەگەڵ ئەوەی زانایەکی پێگەیشتوو بووه له زانستەکانی (النحو) هەروەها له هۆنراوه و کێش و سەروای شیعر دەستێکی باڵای هەبووه. ئەگەرچی به دروستی نازانرێ کەی کۆچی دوایی کردووه بەڵام

وادەردەکەوێت لە کۆتاییەکانی سەردەمی مەمالیک بێت دوای خۆشی کوڕەکەی پێگەیەکی دیاری لە کۆمەڵگەی حەلەب هەبووە بە تایبەتی لە بواری شعر و پەخشان باڵادەستبووە. هۆنراوەکانی لە بواری سۆفیگەری بووە نموونەی شعرێکی (محمد بن عبدالرحیم الحصکفي) :

ألهی ان کنت أذنبت ذنبا          عظیما أستحق بة جهنم

وان قصرت عن فرض و نفل     فعفوک یا الهي عنه یامولای أعظم (ابن الحنبلي الحلبي،١٩٧٣ ،١/٢/ص٢٣٢-٢٣٣).

(علي بن محمد بن عبدالرحیم بن محمد بن علي بن ابراهیم بن مسعود بن محمد الحصکفي م: ٩٢٥ک/١٥١٩ز) لەگەڵ ئەوەی لە نووسینی پەخشان گەیشتبووە ئاستێکی بەرز، لە هەمان کاتدا ناوبراو وەک باوکی لێهاتوو بووە لە بوارە جیاوازەکان شیعری گوتووە، نموونەی شعرێکی کە لە بارەی گرنگیی زانستی (النحو) دەڵێت:

اذا ما رمت تحقیقا لعلم          فلذ بالمنطق العدل القویم

ولاتدخل الیه بغیر نحو          فان النحو مفاتح العلوم (ابن الحنبلي الحلبي،١٩٧٣، ٢/١/ص٩٧٩ – ٩٨٢)

لەنێو کوردە قەیموورییەکانە (٢٧) حەلەب (عمر بن محمد بن علي بن محمود القیمري البیري الحلبي م:٨٧١ک/١٤٦٧ز) لە حەلەب گیرسایەوە و زانستی وەرگرت، هۆنراوەی نووسیوە، لە بەرهەمەکانی (قصیدة فی علم لعروض). (السخاوي ،الضوء اللامع،٢٠٠٣، ٦/ص١١٨؛ کحالة، د.ت ،٧/ص٣٠٩). هەروەها (ابراهیم بن عبدالکریم الکردي الحلبي م: ٨٤٠ک/١٤٣٦ز) یەکێک بوو لەو زانا کوردانەی شارەزای هەبووە لە

(البيان والمعاني). (ابن حجر،١٩٦٩،٤/ص٥٣؛ السخاوي،الضوء اللامع،١/ص٦٩؛ ابن العماد الحنبلى، ١٩٨٦، ٩/ص٣٤٠).

ڕەوانبێژی یەکێکە لە هونەرە ئەدەبیەکان، چەند زانایەکی کورد لە حەلەب لەم زانستە ناوبانگیاندەرکرد، زانای بەناوبانگ (الشمس المجاهدي الايوبي م: ١٤٥٨/٨٦٣ز) لە ڕەوانبێژی لێهاتوو بوو، کاتێک هاتە حەلەب خەڵک بەخێرایی هاتنە دیداری بۆ وەرگرتنی ئەو زانستە. (ابن الحنبلي الحلبي،١٩٧٣،١/٢/ص٨٣-٨٥). هەروەها (الشيخ موسى بن الحسن الالاني م:٩٣٠ک/١٥٢٢ز) دەستێکی باڵای هەبوو لە زانستی ڕەوانبێژی بۆئەوەی خەڵک لە ڕەوانبێژییەکەی تێبگەن شیکردنەوەی قورئان و فەرموودەی بەکاردەهێنا. (ابن الحنبلي الحلبى،١٩٧٣، ١/٢/ص٥٠٤-٥٠٥)

## ب-مۆسیقا و دەنگ و گۆرانی (علم الموسيقى والغناء)

لە شاری حەلەب، سروودبێژ و ژەنیاری مۆسیقای کوردی لێهاتوو و شارەزا دەرکەوتن، ناوبانگیان بە شاری حەلەب بڵاوببووەوە، لەپێشەوەی سروودبێژانی کورد لەم شارە کە باسیان کرابێ (زين الدين عبدالرحمن بن الخضر بن عبدالرحمن السنجارى م: ٧٧٤ک/١٣٧٢ز) لەگەڵ ئەوەی ئەرکی (كاتب الدرج(٢٨)). (ابن حبيب الحلبي، و٢٤٠؛ ابن تغر بردي، د.ت،١١/ص١٢٤). لەهەمان کاتدا ئەدیب و سروودبێژێکی ناوداریش بوو لە کۆمەڵگەی حەلەبی و خەڵکێکی زۆر گوێی لە سروودەکانی دەگرت، مێژوونوسی بەناوبانگی حەلەبی (ابن حبيب) گوێبیستی سروودێکی بووە کە دەڵێت:

طال ليل البعد حتى اننا لانرى منه لقرب بلجا لست أدري
اشهورا عبتم بتاريخ الهوى أو حججا

قرب الله اجتماعي بكم واناح الله عني الحججا          واراني مايسر القلب من نحوكم كي نبتغي عني السجا

حمام الا اراک اراک الهوی سجونا عدوت له مسکینا  فلولا النوی ماعرفت النواح ولولا السجاما الفت السجونا. (ابن حبيب الحلبی،و٢٤٠).

ئەوەی تایبەتە بە ژەنیاری مۆسیقای کورد لە حەلەب، (محمد الالاني الفرضي ناسراو بە البزرة م: ٩٤٩ک/١٥٤٣ز) دەگەڕێتەوە بۆ هۆزی الالانی. (ابن الحنبلي الحلبی،١٩٧٣،١/٢/ص٦٢٩). لە بەناوبانگترین مۆسیقاری حەلەب بوو ناوبانگی بە وڵاتی شام و میسر بڵاوببووەوە، شارەزایەکی تەواوی هەبوو لە هونەر و زانستی مۆسیقا بە تایبەتی لە ئامێری سەنتور (الطنبور) هەروەها گۆرانی وتن، هەتا سوڵتانی مەملوکی الاشرف قانصوه الغوری (٩٠٦-٩٢٢ک/١٥٠١-١٥١٦)، داوای لە جێگری حەلەب (خاير بک٩١٠-٩٢٢ک/ ١٥٠٥-١٥١٧ز) کرد (محمد الالاني) بۆ بنێرێتە قاهیرە، ناوبراو لەگەڵ گرووپە هونەرییەکەی چوونە دیداری سوڵتانی غوری، دەستی کرد بە ژەنینی مۆسیقا بە جۆرێک کاریگەری کردە سەر هەست و نەستی سوڵتان، پرسیاری لێدەکات چ ئاواتێک دەخوازی؟ ئەویش وەڵامیدایەوە کە ئاواتەخوازە بگەڕێتەوە. ئەمە بووە هۆی تورەبوونی سوڵتان بۆیە ڕەوانەی حەلەبی کردەوە بێ ئەوەی پاداشتی بکات. (محمد الالاني) لە کۆتاییەکانی تەمەنی لە کاری هونەری دوورکەتۆتەوە و ڕووی کردۆتە خواپەرستی خۆی سەرقاڵکردووە بە خوێندنی قورئانی پیرۆز تا کۆتایی تەمەنیشی لەسەری بەردەوامبووە. (ابن الحنبلي الحلبي،١٩٧٣،١/٢/ص٣٧٨ - ٣٧٩؛محمد ڕاغب الطباخ الحلبي،١٩٨٩،٥/ص٤٩٤)

**تەوەرەی دووەم: زانستە پراکتیکییەکان و هزرییەکان**

## ١- زانستی پزیشکی (علوم الطب)

بواری پزیشکی یەکێکە لە بوارە گرنگەکان لە ژیانی گشتی، کەوتە نێو چوارچێوەی گرنگیپێدان لە حەلەب لەلایەن کورد، لە سەردەمی دەسەڵاتداریەتی بنەماڵەی ئەیوبی بە تایبەتی لەلایەن (صلاح الدین الایوبي) کاتێک ساڵی (٥٧٩ک/١١٨٣ز) چووە ناوشاری حەلەب بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە ئەرکەکانی پزیشکانی لە شارەکە دیاریکرد کە بەردەوام بن لەسەر پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی تەندروستی بۆ دانشتوانی حەلەب و گرتنەخۆ و چارەسەرکردنی نەخۆشەکان. (الاصبهاني،١٩٨٧،٥/ص١٣٩؛ علي نجم عیسی،١٩٩٩،ص١٤٧)

شاری حەلەب لە سەردەمی مەمالیک ڕێژەیەکی کەمی پزیشکی لەخۆگرت، ئەمەش ڕاستەوخۆ پەیوەست بوو بەو قۆناغەی کە ئەم شارە پیایدا گوزەری دەکرد ناجێگیریی باردۆخی سیاسی و هێرشە دەرەکییەکان، بۆیە پزیشکەکان زیاتر ڕوویان دەکردە شارە ئارامەکان بەهۆی گرنگیدانیان بە زانست و پیشەکەیان دوورکەوتنەوە لە ململانێ سیاسی و سەربازییەکان. لە سەردەمی مەمالیک ناوی دەستەیەک پزیشک لەشاری حەلەب بەرچاودەکەوێت هەندیکیان لە ناوچەکانی عێراق و ئێران و جەزیرەی فوراتی کۆچیان کردبوو بۆ شاری حەلەب، دووانیان کورد بوون خەڵکی هەرێمی جەزیرەی فوراتی بوون. (کمال بدور،٢٠٠٢، ص ٢٩٧ ، ٣١١).

لەپێشەوەی هەموو پزیشکانی کورد لەشاری حەلەب لە سەردەمی مەمالیک (ابراهیم بن عبدالله الشریف الخلاطي الحلبي) پێش ساڵی (٧٢٠ک/١٣٢٠ز) لە شاری (خلاط)ی هەرێمی جەزیرە لەدایکبووە و لە ناوچەکەی خۆی زانستی خوێندووە، لایەنی کەسایەتی و دەروونی زۆر

بەهێزبووە، دوای ئەوەی کۆچی کرد بۆ شاری حەلەب لە گوندی (بابلی)ی سەر بە بانقوسا(٢٩) نیشتەجێدەبێت، بووە خاوەن پێگەیەکی بەرز لەنێو کۆمەڵگای حەلەبی کاتێک چووە میسر ڕێزی زۆری لێگیرا لەلایەن خەڵکی ئەو شارە. سوڵتانی مەملوکی (الظاهر برقوق٧٨٤-٨٠٣ک/١٣٨٢-١٣٩٩ز) سەردانی کردووە. وەکو پزیشکێکی پسپۆر بە تایبەتی لە نەخۆشییەکانی هەناو، چەندین نەخۆشی لە شارەکانی حەلەب و دیمەشق چارەسەرکرد، دەرمانی گونجاوی بۆ نەخۆشییەکەیان دیاری دەکرد. بە پیاوێکی چاک و لەخواترس وەسفکراوە، لە پزیشکە بەناوبانگەکانی حەلەب بووە، ماوەیەک چۆتە دیمەشق، خەریکی کاری پزیشکی بوو لەم شارە نەخۆشانی حەلەب پەیوەندیان پێوەدەکرد و چارەسەریان بۆ نەخۆشەکانیان وەردەگرت، هەروەها ناوبراو ڕۆشنبیرییەکی تەندروستی بەرزی هەبوو، لای وابوو ئەو خۆراکەی دەدرێتە ئاژەڵان دەبێت پاک بێت تاکو سوودمەندتربێ لە ڕووی تەندرووستییەوە، (الشیخ ابراهیم) وەکو پزیشکێکی پسپۆر لەسەر کارەکەی بەردەوام دەبی تاکو کۆچی دوایی کرد ساڵی (٧٩٩ک/١٣٩٦ز). (ابن قاضي شهبة،١٩٧٧، ٣/ص٦٢٥؛ ابن حجي،٢٠٠٣، ١/ص٢١٦؛ ابن حجر،١٩٦٩، ١/ص٥٣١ ؛محمد ڕاغب الطباخ الحلبي،١٩٨٩، ٥/ص١١٦ ؛ الصويركي،٢٠٠٥،ص١٤ – ١٥)

کوردانی شاری هەولێری دانیشتووی حەلەب گرنگییان بە زانستی پزیشکی داوە و پزیشکی بەناوبانگیان لەنێو هەڵکەوتووە (علاء الدين بن ولي الدين الاربلي الحلبي م: ٩٢٦ک/١٥١٩ز)، نموونەی پزیشکێکی لێهاتووی نێو کۆمەڵگەی حەلەبی بوو لە ڕێزی پزیشکە زیرەکەکان لە زانستی پزیشکی ئەژمارکراوە و پێگەیەکی تایبەتی هەبووە لەلایەن دەسەڵاتداران و خەڵکی حەلەب، دەستڕەنگین و لێهاتوو بوو لە پێشکەشکردنی چارەسەری پێویست بۆ ئەو نەخۆشانەی ڕوویان تێدەکرد. بە ((طبيبا حاذقا،ذا يد مباركة،مقبولا عند الخواص والعوام قنوعا)) وەسفکراوە. لە سەردەستی پزیشکێکی عەجەمی بە ناوی (أبوبکر شاه)

زانستی پزیشکی خوێندووە. (ابن الحنبلي الحلبي،١٩٧٣، ٢/١/ص٩١٧-٩١٨؛ محمد ڕاغب الطباخ الحلبی،١٩٨٩، ٥/ص٣٩٧–٣٩٨). شاری حەلەب کەوتە پێشبڕکێی لەگەڵ هەریەک لە شارەکانی قاهیرە و دیمەشق لە سایەی پزیشکانی کورد. (لەبارەی ئەم پزیشکانە بڕوانە: الصفدي، ١٩٩٨، ٢/ص١٨٨-١٨٩؛ ٥/٣١٨؛ ابن حجر،١٩٧٢، ٢/ص١١١، ٥٤/٦)

## ٢- زانستی کیمیا

زانستی کیمیاگەری یەکێکە لە بوارەکانی دیکەی زانست لای کوردانی حەلەب گرنگیپێدراوە و زانای بەناوبانگیان لەنێو هەڵکەوتووە (ابراهیم بن عبدالله الخلاطي اللازوردي م: ٧٩٩ک/١٣٩٦ز) سەردەستەی زانایانی بواری کیمیاگەری بووە، لە وڵاتی فارس زانستی کیمیاگەری خوێند شارەزاییەکی تەواوی هەبوو لە بەردی گرانبەها بە تایبەتی لە جۆری اللازورد (یاقوتی شین)، لە حەلەب سەرقاڵی دروستکردنی کەلوپەل بوو لە بەردی بەنرخ و گرانبەها، بەهۆی خەریکبوونی بەم پیشەیە سامانێکی زۆری بەدەستهێناوە، لە ژیانێکی شاهانە دەژیا. هەروەها دەگوترێ کاتێک کۆچی دوایی کرد کۆمەڵێک کەلوپەل و ئامێری تایبەت بە زانستی کیمیای لەدوا بەجێما کەس شارەزایی لەبارەوە نەبوو لەگەڵ هەندێک پەرتووکی پەیوەست بە زانستی فەلسەفە و گەردووناسی زانستی (قوم) و هەندێک بەردی گرانبەها لە بواری زانستی کیمیا. (ابن حجر،١٩٧٢، ١/ص٣٤؛ ابن حجر،١٩٦٩، ١/ص٥٣١؛ محمد ڕاغب الطباخ الحلبی، ١٩٨٩،٥/ص١١٦)

## ٣- زانستی ژمێریاری (علم الحساب)

زانایانی موسڵمان لە حەلەب گرنگییان بە زانستی ژمێریاری داوە، زانایانی کورد لەم بوارە دەرکەوون، بەم زانستەیان خزمەتی کۆمەڵگەیان کرد. لەپێشەوەی هەموویان (الشیخ أبوبکر الکردي الشافعی م:٨٥٢ک/١٤٤٨ز) شارەزا بوو لە زانستی دابەشکردنی میرات (فرائض) کە

لقێکە لە زانستی ژمێریاری. (سبط ابن العجمي،١٩٩٦، ٢/ص٢١٦؛ محمد ڕاغب الطباخ الحلبي،١٩٨٩،٥/ص٢٣٥). هەروەها (علي بن محمد بن ابراهيم بن نصر الكردي م: ٧٨١ک/١٣٧٩ز) نازناوی ژمێریار بوو، زۆرلێهاتوو بوو لە زانستی فقهی ژمێریاری. (ابن حجر،١٩٦٩، ١/ص٢٠٥). (الشيخ برهان الدين الكردي القصيري الشافعي م: ٩٣٣ک/١٢٥٦ز)، لە زانا بەناوبانگەکانی شاری حەلەب بوو، سەرەڕای لێهاتوویی لە چەندین زانست لە زانستی ژمێریاریش شارەزا بووە. (ابن الحنبلي،١٩٧٣،١/١/ص٢٢–٢٥). هەروەها (الشيخ شهاب الدين البدليسي الشافعي م: ٩٣٣ک/ ١٥٢٦ز)، لەگەڵ ئەوەی فەقیهێکی بەناوبانگ بوو لە هەمان کاتدا شارەزابوو لە زانستی ژمێریاری. (ابن الحنبلي الحلبی،١٩٧٣، ١/١/ص١٣٢ – ١٣٣).

## ٤- خۆشنووسی و لەبەرگرتنەوە (علم الخط والنسخ)

خۆشنووسی یەکێکە لەو هونەرانەی لە شارستانی ئیسلامی گرنگیی تایبەتی پێدراوە، خۆشنووسانی کورد لە حەلەب بەم زانستەیان ناوبانگیان دەرکردبوو، لەپێشەوەی هەموویان میری بەناوبانگ (شرف الدين موسى بن محمد بن شهرى م: ٧٨٠ک/١٣٧٨ز)، لەگەڵ ئەوەی فەقیهێکی شارەزا بوو، لە خۆشنووسیش بەهرەمەندبوو لە جۆرەکانی خۆشنووسی ((أجاد فی صناعة الخط)). (ابن حبيب الحلبي،و٢٥٠). بە تایبەتی لە جۆری (المنسوب(٣٠)) نووسراوەکانی بەم جۆرە نووسینە دەنووسی. (محمد ڕاغب الطباخ الحلبي،١٩٨٩،٥/ص٨١). هەروەها (الشيخ شهاب الدين أحمد الكردي م: ٩١٧–٩١٨ک/١٥١١–١٥١٢ز) یەکێک بوو لەو زانایانەی لە خۆشنووسی ناوبانگی دەرکردبوو، باوکی مێژوونووس (ابن الحنبلي) لەسەر دەستی ئەم خۆشنووسە کوردە فێری خۆشنووسی ببوو. (ابن الحنبلي الحلبي،١٩٧٣،١/١/ ص١٨٠؛ محمد ڕاغب الطباح الحلبي،١٩٨٩، ٥/ص٣٥٣). هەروەها (موسى بن حسن الكردي الالاني) دوای ئەوەی ڕووداوەکاتە شاری حەلەب تیایدا نیشتەجێ بوو بەردەوام دەبێت لەسەر

خۆڕۆشنبیرکردن و گرنگیدان به کتێب و لەبەرگرتنەوەی (نسخ) کتێبە زانستیەکان. (ابن الحنبلي الحلبي،١٩٧٣،١/٢/ص٥٠٢-٥٠٣؛ محمد ڕاغب الطباخ الحلبي،١٩٨٩، ٥/ص٤١٠). هەروەها (الشیخ أمین الدین أبو الوحي الكردي الحلبي الشافعي) لە خۆشنووسی باڵادەست بوو. (ابن الحنبلي الحلبی،١٩٧٣،١/١/ص٤٥٤ - ٤٥٨؛ ابن العماد الحنبلي،١٩٨٦، ٨/ص١٧٢)

### ٥- زانستی ژیربێژی

ئەوەی تایبەتە بە زانستی ژیربێژی زانای ناوداری حەلەب (علاء الدين ابو الحسن على بن محمد بن مسعود الحصكفي م: ٩٢٥ک/١٥١٩ز)، دەستێکی باڵای هەبووە لە زانستی ژیربێژی، ئەو زانستەی دەگەیاند بە قوتابییەکانی. (ابن الحنبلي الحلبي،١٩٧٣، ٢/١/ص٩٧٩-٩٨١؛ ابن العماد الحنبلي،١٩٨٦،١٠/ص١٨٩). هەروەها (الفقه ابراهيم بن احمد بن يعقوب الكردي القصيري م:٩٣٣ک/١٥٢٦ز) لە زانا بەناوبانگەکانی سەردەمەکەی بووە سەرقاڵی زانستی ژیربێژی بووە، ئەم زانستانەی گەیاندن زۆر فێرخوازی دانیشتووی حەلەب. (ابن الحنبلي الحلبي،١٩٧٣،١/١/ص٢٢-٢٦)

## ئەنجام

١. کورد یەکێک بوون لە سەرەکیترین پێکهاتەی نەتەوەیی و دانەبڕاوی کۆمەڵگای حەلەبی، تەنانەت زیندووترین و چالاکترین نەتەوە بوو لەم شارە.

٢. لە سەردەمی مەمالیک بەشێکی خودان پێگەی ئەو کۆمەڵگایە بوون، پێگەیەکی بەرز و چەسپاویان هەبوو بە جۆرێک سەرکردایەتیی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی کۆمەڵگای حەلەبیان کردبوو.

٣. زانستە ئاینییەکان گرنگی تایبەتی پێدرابوو لای کوردان بۆیە چەندین زانای ناوداری کورد دەرکەوتن لەسەر ئاسی شارەکە و وڵاتی شام و تەنانەت جیهانی ئیسلامیش ناوبانگیان ڕۆیشتبوو، سەردەستەی زانایان بوون.

٤. زانایانی کورد بەردەوامی و ڕەنگێکی جوانیان بە بزوتنەوەی زانستی لە شارەکەبەخشی، ئاوێتەی ئەو کەش و هەوا زانستییەبوون تەنانەت بوونە بەشێکی چالاک و زیندووی کۆمەڵگەی حەلەبی، ئەوان شوێنی زانا حەلەبییەکانیان گرتەوە کە بەهۆکاری جیاواز لەم شارە بوونیان نەما، سەرکەوتوو بوون لە پەروەردەکردنی نەوەیەکی دەوڵەمەند بە زانست و بەناوبانگ لە شارەکە و جیهانی ئیسلامی. هەروەها بڵاوبونەوەی ناوبانگی ئەو ناودار و پایەبەرزانەی کورد لە شارەکە بە جیهانی ئیسلامی هەر ئەمەش هۆکارێکی دیکە بوو بۆ ڕاکێشانی ڕێژەیەکی زیاتری کورد بۆ حەلەب و هەڵکشانی پێگەی شارستانییان.

٥. کوردانی حەلەب لە سەردەمی مەملوکی شانازییان بە کوردبوونی خۆیان کردووە نازناوی نەتەوەیی یا هۆز یا بنەماڵەی خۆیان لەدەستنەداوە لەپاڵ ئەوەشدا شانازیشیان بە حەلەبی بوونیان

کردووه، لەپاڵ نازناوی نەتەوەییان، حەلەبی نازناوی دووەمیان بووە ناسنامە و ڕەسەنایەتیی خۆیان پاراستووە.

**پەراوێزەکان:**

(١)حەلەب: مێژوونوسی هاوسەردەمی مەمالیک (ابن فضل الله العمري) بەشێوەیەکی وورد سنوری حەلەبی لەسەردەمی مەمالیک دیارکردووە، سنورەکەی لەباشوورەوە(معرة النعمان) لەوێوە هێڵێکی ڕاست دەڕوات بۆ سنوری ڕۆژهەڵات، هەتا گوندی(قبه الملاعب)لەسەر ڕووباری جلاب، دوایی بۆ بالس لەسەر ڕووباری فورات کە حەلەب جیا دەکاتەوە لە هەرێمی جزیرەی فوراتی، سنورەکەی لە باکوور وڵاتی سەلجوقی ڕۆم (ئاسیای بچوک) هەتا پاش بهسنی و وڵاتی ئەرمەن، لە باکووری ڕۆژئاوا بۆ وڵاتی ئەرمەن، هەتا دوای ڕووباری جیحان (جاهان)، سنورەکەی لەرۆژئاواوە دەریایی شام یا(دەریایی ناوەڕاست) (العمري،١٩٨٨،ص٢٣٢؛ ابن الشحنة، ١٩٤٨،ص١٠).

(٢)السليمانية-سلێڤانی: هۆزێکی گەورەی کوردبوو پێکهاتبوو لەچەندین تیرەو لق،هەر لەسەردەمی جەلائیریەوە لەشاری میافارقین و دەوروبەری و چەندین شار وئاوەدانی تر دەسترۆیشتووبوون،چەندین میر و ناوداریان تیادا هەڵکەوتوە. (ابن حجر، ١٩٦٩، ١/ص٣٣١ ؛ زرار صديق،٢٠١٠،ص ١٥٩ – ١٦١).

(٣)ترابلس: لەشارە کەناریە بەناوبانگەکانی ولاتی شامە، دەکەویتە نێوان لازقیەو عەککا. (ياقوت الحموی،د.ت، ١/ص٢١٦).

(٤)القراءات السبع: ئەم شێوازەی خوێندنەوەی قورئان کۆکرایەوە لەنێو کۆمەلێک شێوازی جۆربەجۆری بەربڵاوی خویندنەوەی قورئان لەلایەن (أحمد

بن موسى بن العباس بن مجاهد) كە لەسەردەمی ئەودا باوبووە. بڕوانە: ابن مجاهد، ١٩٨٠، ص٤٥؛ طە عبدالمقصود، ٢٠٠٤، ١/ص٥٦_٦٧).

(٥)باكز یا باكرا گوندێكە لە ناوچەی (القصیر)ی گرێدراوی حەلەب. (ابن الحنبلي الحلبي،١٩٧٣، ١/١/ص ١٣٦).

(٦) القصیری: لە ناوچەی جبل السمعانە،٢٧٠كم لە(حلب)دوورە و بەرێگایەگی خۆڵ بە(حلب)بەستراوەتەوە. (التقسیمات الاداریە،ص٣١٥،وەرگیراوە لە: ابن الحنبلي الحلبي،١٩٧٣،١/١/ ص٢٦٩).

(٧)الیشبكیة: قوتابخانەیەكە لە سەرووی بازاڕی النشابین،جێگری سوڵتان لە(حلب) ئەمیر یشبک الیوسفی المؤیدی بەهۆی ئەوەی هەر لەو ناوچەیە بوو و لەم ناوچەیەش نێژرا دوای كوشتنی ساڵی (٨٢٤ك/١٤٢١ز)،ئەو بازارەی بۆ كردە وەقف كە ناوبراو بنیاتی نابوو ساڵی(٨٢٠ك/١٤١٧ز). (ابن الشحنة،١٩٤٨،ص٢٣٤؛ الغزي،١٩٩٨،٢/ص٦٣؛محمد أسعد طلس،١٩٥٦، ص٢٢٠).

(٨)الشرابي _ الشرابیة: ناوچەیەكە لە (قصیر الاكراد)ی گرێدراوی حەلەب. (السخاوي،الضوء اللامع،٢٠٠٣،٦/ص٢٦).

(٩)الرمادي: لە گوندەكانی عفرینە ١٨كم لێی دورە و ٦٨كم لە حەلەب دوورە، التقسیمات الاداریە،ص٣٤٨ وەرگیراوە لە (ابن الحنبلي،١٩٧٣، ٢/١/ص٦١٣).

(١٠)شهری: لەبنەماڵەی یا هۆزەكانی كوردیەكانی ناوچەی جەزیرەنە خاوەنی قەڵای (اران) بونە لە دیاربكر.ابن ناظر الجیش ، ١٩٨٧،ص٧٩. بەدوور نازانرێت ئەندامانی ئەو هۆزەش وەكو هۆزەكانی دیكە ئاوارەی وڵاتی شام بووبن لە حەلەب گیرسابنەوە،لەم شارە خاوەنی پێگەی سیاسی و ئیداری گرنگ بوونە. قادر محمد حسن،٢٠٠٩،ص٩٥. ابن تغربردی لەسەر زاری كەسانی دیكەوە دەڵێت ((بنو شهری معروفون: منهم جماعة إلى الآن في قید الحیاة ویلی بعضهم أعمال البلاد الحلبیة في زماننا هذا)).د.ت، ١١/ص١٩٥.پێدەچێت هەمان

هۆزی (شەهویلی)بێ کەلەسەردەمی عوسمانی پاشگری (لی) بۆ زیادکراوە. (زرار صديق توفيق،٢٠١٠، ل١٦٨. أحمد عثمان وآخرون،٢٠٠١، ص٥٣ _٥٤).

(١١)الحيزاني: شارۆچکەیەکە لە نزیک ئەسعەرد(سێرت)،یەک لە شارەکانی دیاربکرە،هۆزی حار بوختی کوردی تێدا نیشتەجێنە. (ياقوت الحموى،د.ت، ٢/ص٣٣١؛ حكيم أحمد خوشناو،٢٠٠٩،ص١٥٧)، مەڵبەندی میرنشینێکی کوردی بوو لەسەرەتاکانی سەدەی(٨ک/١٤ز) . (زرار صديق تۆفيق،٢٠٠١،ل١٥٩).

(١٢)السندي: یەک لە هۆزە کوردیە گەورەکانی کوردستانە،((بە ژمارە لە هەموو هۆزە کوردیەکان زۆردترن))،لەنێو کوردەکان نزیکەی سێ هەزار شەرکەریان هەبووە دەسەڵاتیان بەسەر ناوچە شاخاویەکانی نێوان باشووری جەزیرەی بۆتان و ڕۆژهەڵاتی ڕووباری دیجلە هەبوو،ئەو ناوچانە ئەمرۆ بە قەزای زاخۆ دەناسرێن. العمرى،٢٠٠٠، ٣،ص٢٧٢؛زرار صديق تۆفيق،٢٠١٠،ل ل ١٦١-١٦٢.

(١٣)قوتابخانەی الشرقية: دەکەوێتە سویقیەحاتم،ساڵی ٥١٧ک/١٢٤٢ز لەلایەن (الامام شرف الدين أبو طالب عبدالرحمن بن ناسراو بە ابن العجمي) بنیات نرا،وەقفێکی چاکی بۆ دابین کرا. (ابن الشحنة،١٩٤٨،ص١١٢ ؛ محمد أسعد طلس،١٩٥٦،ص٩٠).

(١٤)مزگەوتی النارنجية: دەکەویتە سویقیە علی،لەحەلەب لەلایەن (الشريف أبو المنصور سعيد بن عبدالله بن محاسن بن صالح)ئاواکرا. (الغزي ١٩٩٨،٢/ص١٨٩ . محمد أسعد طلس،١٩٥٦،ص٢٠٧).

(١٥)زين الدين العمادي: (الشيخ عبدالرحمن بن محمد ناسراو بە الشيخ زين الدين العمادي الشافعي م: ٨٩٧ک/١٤٩١ز)، لەنێو ئەو زانا کوردانەبوو دامەزرا هەردوو ئەرکی وانەگوتنەوە و پێداچوونەوە (التدريس والاعادة)ی لەقوتابخانەی (العصرونية) وەرگرت، لەوکاتەی لەم قوتابخانەیە نیشتەجێ بوو ئەرکی پێداچوونەوەی وەرگرت، بەڵام وانەگوتنەوەی وەک مامۆستا لەم قوتابخانەیە لەوکاتە بوو کە قازی شافعی بوو لە حەلەب، لەو زانایانە بوو کە زانست و

کارکردنی بەیەکەوە کۆکردبۆوە.(ابن الحنبلي الحلبي،١٩٧٣، ٢/١/ص ص ٧٤٧-٧٤٨).

(١٦)بدلیسی: ئەم ناوە دەگەڕێتەوە بۆ بەدلیس،شارێکە لەهەرێمی ئەرمینیا نزیک شاری خلاط،کورد لەم ناوچەیە سەنگی تایبەتی خۆی هەیە. (بروانە: القلقشندي،١٩٨٧، ٧/ص٣٠٢-٣٠٣؛ بدليسي،١٩٨١،ل٦٣٤-_٦٨٠؛ ئەولیا چەلەبی،١٩٨٧،ل١١٨) .

(١٧)مزگەوتی تغري بردي:ئەم مزگەوتە ناسرابوو بەناوی (تغری بردی)ی جێگری سوڵتان لە حەلەب.لە نزیک گەرەکی تورکمانەکان ساڵی(٧٩٦ک/ ١٣٩٣ز) بنیات نرا لەلایەن (ابن طومان). (ابن الشحنة،١٩٤٨،ص٧٣؛ محمد أسعد طلس،١٩٥٦، ص١٥٣).

(١٨)مزگەوتی منكلي بغا: بە مزگەوتی ڕۆمیش ناسرابوو، جێگری سوڵتان لەحەلەب (منكلي بغا الشمسی) ساڵی (٧٦٨ک/١٣٦٥ز) بنیاتی نا لە نزیک دەرگای قنسرین،لە باشترین مزگەوتەکان بوو ئاواکرا بەشێوازێکی تۆکمە. (سبط ابن العجمي،١٩٩٦، ١/ ص٢٤١-_ ٢٤٢؛ ابن الشحنة،١٩٤٨،ص٧٣).

(١٩) فخر عثمان الكردی: (الشیخ فخرالدین عثمان بن السلیمان بن خلیل بن ابراهیم الجزري الحلبي الشافعي) ناسراو بە "شیخ الاسلام" یا "شیخ فخرعثمان الكردي"ساڵی(٨٢٩ک/١٤٢٥ز) لەئورمیە لەدایک بووە، لەبنەڕەتدا کوردێکی ڕەسەن بوو ((وكان كرديا،لا جركسيا))، پێش ئەوەی تەمەنی بگاتە قۆناغی پێگەیشتن چۆتە هەرێمی جەزیرەی فوراتی دواتر کۆچی کرد بۆ باکوری وڵاتی شام لە حەلەب گیرسایەوە، یەکێک لەزانا پایەبەرزە کوردەکانی نیشتەجێی گەرەکی (المشارقة)ی حەلەب بوو، ساڵی (٨٧٩ک/١٤٧٤ز) بۆتە موفتی حەلەب، و فتواکانی گرنگ و چەسپاو بوون، لەم زانایانە بوو کردار و گوفتاری یەکی دەگرتەوە پیاو چاک و ڕیش سپیەکی بەشکۆ بوو، پابەندی ڕێبازی پێغەمبەر(سڵاوی خوای لێبێت)بوو و هیمەتی بەرز بوو بۆ لەناوبردنی قەدەغەکراوەکان بەتایبەتی (مەی). وەک موفتی بەردەوام دەبێت تا کۆچی دوایی کرد لە حەلەب ساڵی(٨٩٧ک/١٤٩١ز). (السخاوي،الضوء اللامع،٢٠٠٣،٥/ص١٢٨-

١٢٩؛ ابن الحنبلي الحلبي،١٩٧٣، ٢/١/ ص ٨٨٤، ٩٩٩، ٢/٢/ص ص ٥٧٦-٥٧٧؛ محمد راغب الطباخ،١٩٨٩،٥/ص٣٢٢).

(٢٠)الخرقة:بەرگێکی دڕاوە وپینەکراوە،شێخی تەریقەت دەیبەخشێتە مورىدەکانی کەمتمانەی پێیان هەیە. (المقريزي، ٢٠٠٠، ٢/ص٤٠،هامش(٣)؛کامل أسود،٢٠١٤،ص١٥٥،پەراوێزی ژمارە (٤) ).

(٢١)الالاني: ئالانی :ناوێکی کۆنە لە مێژووی کورد دا،مەمی ئالان پاڵەوانی داستانی کوردی(مەمی ئالان)ە،(ئالانی)یەک لە شارۆچکەکانی کوردستانە،کە مەغۆلەکان لەسەرتای دەسەڵاتیان دروستیان کرد بووە قەڵا و ناحیەیەک سەر بە ویلایەتی درتنك (حلوانی کۆن). ئالالانی تایفەیەکی کوردن لەشاری حەلەب ئەندامانی سەر بە تایفە کوردیە ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە. (ابن الحنبلي الحلبي، ١٩٧٣، ١/٢/ص٥٠٤؛ زرار صديق تۆفيق،٢٠١٠،ل٣٠).

(٢٢)پەناگە وگۆشەی الشيخ عبدالكريم الخافي: ناسراو بە گۆشەی الكريميه،ئەو گۆشەیە دەگەڕێتەوە بۆ (الشيخ عبدالكريم الخافي الصوفي م: ٨٨٤ک/١٤٧٩ز)،شوێنی ئەو گۆشەیە دەکەوێتە گەرەگی دەرگای باب قنسرين لەبەرامبەر گەرمای الجوهري،لەکۆندا مزگەوتێکی بەناوبانگ بوو بەناوی مزگەوتی المحصب لەسەر یەک لە دەرگاکانی نوسراوە لەسەردەمی صلاح الدين ئەیوبی کاری نوێکردنەوەی بۆ ئەنجام دراوە. (الغزي ،١٩٩٨، ٢/ص٩٧؛ محمد راغب الطباخ،١٩٨٩ ، ٥/ص٣٠٣؛ محمد أسعد، ١٩٥٦،ص ٩٢).

(٢٣)خانەقای الزينيه:باڵەخانەیەکی فراوانە،دەکەوێتە بەرامبەر خانەقای الناصريه لە ڕۆژهەڵاتی قوتابخانەی الهاشمية. (الغزي ،١٩٩٨، ٢/ص ص١١٤_١١٥).

(٢٤)جبل الاقرع: لە چیاکانی ئەنطاکیەی گرێدراوی حەلەبە،کەوتۆتە باکوری ڕۆژئاوای حەلەب،ناسراوە بە الاقرع لەبەر ئەوەی هیچ گژ وگیایەکی لێ ناڕوێت. ابن العديم،د.ت،١/ص٤٤١).

(٢٥)البالكي: گروپێکی بە ژمارە کەم دەدرێنە پاڵ زەرزاری و بەناوی گوندەکەیانەوە بالکان – باڵەکان – دەناسرێن)). العمري،٣، ٢٠٠٠/ص٢٦٧)، کەواتە هۆزێکی بچوک یا تیرەیەکی هۆزی زەرزاری بونە.زرار صديق تۆفيق،٢٠١٠،ل ٣٨).

(٢٦)قوتابخانەی القجماسي: ئەم قوتابخانەیە لە حەلەب لەلایەن (قجماس الجرکسي م:٨٩٢ک/١٤٨٧ز) جێگری شام(دیمەشق) بنیات نراوە. (النعيمي،١٩٩٠، ١/ص٤٣٤).

(٢٧)القيمري: ئەم ناوە دەگەڕێتەوە بۆ (قیمر) قەڵایەکە لە نزیک ئەسعرد. قەیموری :هۆزێکی گەورەی کوردن لەکۆتاییەکان سەردەمی ئەیوبیەکان ناوبانگێکی دیاریان هەبوو ئاوارەی وڵاتی شام و میسر بوون چەندین کەڵە میر و کەسانی پلە بەرزیان تیدا هەڵکەوتوە لەسەردەمی مەمالیک . (زرار صديق توفيق،٢٠١٠،ل ل١٧٥ _–١٨٢).

(٢٨)كاتب الدرج : ئەو پلەیە دەدرا بەوکەسانەی لەبواری نوسین بەتوانا بوون،ئەرکەکەیان بریتی بوو لە نوسینی ئەوە بابەتانەی(كاتب السر و كاتب الدست)فەرمانی پێدەکرد،دەناسران بە کاتب الدرج چونکە نوسینیان لەسەر پارچە کاغەزی ڕاست دەکرد هەندێک جار دەگەیشتە بیست پارچە کاغەز. (القلقشندي،١٩٨٧، ١/ص١٧٢_١٧٣؛ الظاهري،١٩٤٨،ص ١٠٠).

(٢٩)بانقوسا: چیایەکی نیمچە بەرز لەدەوروبەری شاری حەلەب لەبەشی ڕۆژهەڵاتی، ناوچەیەکی ئاوەدانە بەدانیشتوان. (ياقوت الحموي، د.ت، ١/ص ١٣٣؛ الغزي،١٩٩٨، ١٣٢/٣)

(٣٠) المنسوب: ئەم جۆرە نوسینە بۆیەکەمجار لەلایەن (ابن مقلة) بنچینەو پێوانەکانی بۆ دانراوە،ناونانی ئەم جۆرە نوسینە بەم ناوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی شیوە و ئەندازەیەکی ڕێکی هەبوو . محمد سالم بن شديد،(د.م.ت)،ص٦ .

## ليستى سەرچاوەكان

### يەكەم: دەست نووسەكان

**ابن حبيب الحلبى، الحسن بن عمر بن الحسن الحلبي(ت:٧٧٩هـ/١٣٧٧م)**

- درة الاسلاک فى دولة الاتراک، مخطوطة محفوظة، مكتبة ايا صوفيا ، http://www.alukah.net/manu/files/manuscript_4705/makhtot.pdf .

**عمر الشماع، زين العابدين أبو حفص عمر بن أحمد بن علي بن محمود الشماع الحلبي(ت:٩٣٦هـ/١٥٢٩م )**

- معجم الشيوخ تشنيف الاسماع بمشايخ الفقير عمر الشماع،مج١،بلدية الاسكندرية،١٩٦٣، http://aljazi.org/rathath/Manuscript/thabtuashma3.pdf

### دووەم: سەرچاوە ڕەسەنەكان

**بيبرس الدوادار، الامير ركن الدين بيبرس المنصوري (ت:٧٢٠هـ/١٣٢٥م)**

- زبدة الفكرة في تاريخ الهجرة، تحقيق:دونالد س. ريشاردز، (بيروت:١٩٩٨) .

**ابن تغري بردي،جمال الدين ابي المحاسن يوسف بن تغري بردي الاتابكي (ت:٨٧٤هـ/١٤٦٩م).**

- النجوم الزاهرة في ملوک مصر و القاهرة،وزارة الثقافة والارشاد القومي،دار الكتب،(مصر:د .ت)

**حاجي خليفة، مصطفى بن عبدلله (ت:١٠٦٧هـ/١٦٥٦م)**

- كشف الظنون عن اسامي الكتب و الفنون، منشورات مكتبة المثنى، (بغداد: د.ت )

**ابن حجرالعسقلاني، شهاب الدين احمد بن علي (ت:٨٥٢هـ/١٤٤٨م)**

- انباء الغمر بأبناء العمر في التاريخ، تحقيق:حسن حبشي،لجنة احياء التراث الاسلامي، (القاهرة:١٩٦٩).
- الدرر الكامنة في عيان المائة الثامنة،تحقيق:محمد عبدالمعيد،ط٢،مجلس دائر المعارف العثمانية، (حيدرأباد:١٩٧٢).

**ابن حجي، شهاب الدين ابي العباس أحمد بن حجي السعدي(ت:٨١٦هـ/١٤١٣م)**

- تاريخ ابن حجي، ضبط النص وعلق عليه أبو يحى الكندري، دار المعرفة (بيروت:٢٠٠٣)

**ابن الحنبلي، رضي الدين محمد بن ابرهيم بن يوسف الحنبلي(ت:١٦٥٣/٩٧١م)**

- در الحبب في تاريخ أعيان حلب،تحقيق: محمود أحمد الفاخوري ويحيى زكريا عبارة، (دمشق:١٩٧٣).

**ابن خلدون،ابو زيد عبدالرحمن بن محمد الاشبيلي(ت:٨٠٨هـ/١٤٠٦م)**

- المقدمة، دار الرائد العربي،(بيروت:١٩٨٢ )

**الزركشي،ابو عبدلله بدرالدين محمد بن عبدلله، (ت:٧٩٤هـ /١٣٩١م)**

- البرهان في علوم القران، تحقيق:محمد ابو الفضل ابراهيم،دار أحياء الكتب العربية،(القاهرة:١٩٥٧)

**سبط ابن العجمي، أحمد بن إبراهيم بن محمد بن خليل، موفق الدين (ت: ٨٨٤هـ /١٤٧٩م )**

- كنوز الذهب في تاريخ حلب، دار القلم،(حلب:١٤١٧هـ/١٩٩٦م)

**السخاوي،شمس الدين ابوالخيرمحمد بن عبدالرحمن بن محمد (ت:٩٠٢هـ /١٤٩٧م)**

- التبر المسبوك في ذيل السلوك، تحقيق : لبيبة ابراهيم مصطفى و نجوى ابرهيم مصطفى، دار الكتب الوثائق القومية، (القاهرة :٢٠٠٣) .
- الضوء اللامع لأهل القرن التاسع، دار مكتبة الحياة، (بيروت:٢٠٠٣) .

**السيوطي، جلال الدين عبدالرحمن بن أبي بكر (ت:٩١١هـ /١٥٠٥م )**

- تدريب الراوي في الشرح تقريب النووي، تحقيق: أبو قتيبة محمد الفاريابي، دار طيبة، (الرياض:د.ت)

**ابن الشحنة،ابي الفضل محمد بن الشحنة،(ت:٨٩٠هـ/١٤٨٥م)**

- الدر المنتخب في تاريخ مملكة حلب، تقديم: عبدالله محمد درويش، دار الكتاب العربي،عالم التراث، (دمشق:١٩٨٩).

**أبن شداد، عز الدين محمد بن علي(ت:٦٨٤هـ /١٢٥٨م)**

- الأعلاق الخطيرة في ذكر أمراء الشام والجزيرة،تحقيق:يحيى زكريا،دار احياء تراث العربي، (دمشق:٢٠٠٦) .

**الصفدي، صلاح الدين خليل بن ايبک(ت:٧٦٤هـ /١٣٦٣م )**

- أعيان العصر وأعوان النصر، تحقيق:علي ابو زيد وأخرون، دار الفكر،(بيروت:١٩٩٨) .

**الاصفهاني، عمادالدين بن محمد صفي الدين الكاتب (ت:٥٩٧هـ /١٢٠٠م )**

- البرق الشامى، تحقيق: فالح حسين، مؤسسة عبدالحميد شومان،(الاردن:١٩٨٧)

**طاش كبرى زاده،عصام الدين أبو الخير أحمد بن مصلح(ت:٩٦٨هـ/١٥٦٠م )**

- مفتاح السعادةومصباح السيادة في موضوعات العلوم،مطبعة دائرة المعارف العثمانية بحيدر أباد (الدكن: ١٣٢٩)

**الظاهـري:غرس الدين خليل بن شاهـين(ت:٨٧٣هـ/١٤٦٨م)**

- زبدة كشف الممالك وبيان الطرق والمسالك، تصحيح:بولسراويس،مطبعة الجمهورية، (باريس:١٩٤٨).
- **ابن العديم، أبو القاسم كمال الدين عمر بن احمد بن هبة لله الحلبي(ت : ٦٦٠هـ/١٢٦١م)**
- بغية الطلب في تاريخ حلب، تحقيق : سهيل زكار، دار الفكر للطباعة والنشر،(بيروت : د.ت)

**ابن العماد الحنبلي،ابو الفلاح عبد الحي (ت:١٠٨٩هـ/١٦٧٨م)**

- شذرات الذهب في أخبار من ذهب، تحقيق : محمود الآرناوؤط، دار ابن كثير، (بيروت:١٩٨٧) .

**العمري، شهاب الدين احمد بن يحيى بن فضل لله(ت:٧٤٩هـ/١٣٤٨م )**

- مسالك الأبصار في ممالك الأمصار،تحقيق : أحمد عبدالقادر الشاذلى (ابو ظبي: ٢٠٠٠) .
- التعريف بالمصطلح الشريف،تحقيق: محمد حسين شمس الدين،دار الكتب العلمية،(بيروت: ١٩٨٨).

**الغزي، نجم الدين (ت:١٠٦١هـ/١٦٥٠م)**

- الكواكب السائرة بأعيان المائة العاشرة، تحقيق : خليل منصور، دار الكتب العلمية، (بيروت:١٩٩٧).

**الغزي، شمس الدين ابو المعالي محمد بن عبدالرحمن بن الغزي، (ت: ١٣١٥هـ/ ١٨٩٧م )**

- نهر الذهب في تاريخ، دار القلم، ط٢، (حلب : ١٤١٩هـ /١٩٩٨م )

**القلقشندي، احمد بن علي(ت:٨٢١هـ/١٤١٨م )**

- صبح الأعشى في صناعة الأنشاء، شرحه وعلق عليه وقابل نصوصة، محمد حسين شمس الدين، دار الكتب العلمية، (القاهرة:١٩٨٧) .

**القيسى : أبو محمد مكي بن أبي طالب حموش بن محمد بن مختار القيسي القيرواني ثم الأندلسي القرطبي المالكي (ت: ٤٣٧هـ/١٠٤٥م)**

الإبانة عن معاني القراءات، تحقيق : عبد الفتاح إسماعيل شلبي، دار نهضة مصر للطبع والنشر، ( القاهرة : د.م).

**ابن مجاهد، أحمد بن موسى بن العباس التميمي، أبو بكر بن مجاهد البغدادي (المتوفى: ٣٢٤هـ/٩٣٦م)**

كتاب السبعة في القراءات، تحقيق : شوقي ضيف،(القاهرة: ١٩٨٠).

**المقريزي، تقي الدين احمد بن علي(ت:٨٤٥هـ/١٤٤١م)**

- درر العقود الفريدة في تراجم الأعيان المفيدة، حققه، محمود الجليلي، دار الغرب الاسلامي (بيروت: ٢٠٠٢ )

**النعيمي، عبدالقادر بن محمد(ت : ٩٢٧هـ/١٥٢٠م)**

- الدارس في تاريخ المدارس،تحقيق: ابراهيم شمس الدين، دار الكتب العلمية، (بيروت:١٩٩٠) .

**ياقوت الحموي، شهاب الدين بن عبدلله(ت: ٦٢٦هـ/١٢٢٩م )**

- معجم البلدان، دار صادر، (بيروت: د.ت) .

**ب- سەرچاوەی ڕەسەن بە زمانی كوردی :**

**بەدلیسی، میر شرف خان بن شمس الدين بن شرف خان الروزكی (ت: ١٠١٠هـ / ١٦٠١م)**

- شەرەفنامە، ( ب.ش: ١٩٨١ )

**سێیەم : ژێدەرەکان**

**بە زمانی عەرەبی**


**أحمد عثمان وآخرون**

- عشائر كردستان، (اربيل:٢٠٠١).

**إحسان إلهي ظهير الباكستاني**

- التصوف ، المنشأ والمصادر ، (باكستان: ١٩٨٦).

**اسماعيل بن محمد أمين بن مير سليم البابانى البغدادى**

- هدية العارفين اسماء المؤلفين وآثار المنصفين، (استنبول : ١٩٥١) .

**بدري محمد فهد**

- تاريخ الفكر والعلوم العربي، مطبعة التعليم العالي، ( بغداد: ١٩٨٨ ).

**حكيم أحمد خوشناو**

- الكورد وبلادهم عند البلدانين والرحالة المسلمين، دار الزمان، ( دمشق : ٢٠٠٩) .

**خيرالدين الزركلي**

- الاعلام، دار العلم للملاين، (بيروت:٢٠٠٢) .

**زرار صديق توفيق**

- كردستان في القرن الثامن الهجري، مؤسسة موكريانى، (اربيل:٢٠٠١)

**سعيد عبدالفتاح عاشور**

- دراسات في تاريخ الحضارة الاسلامية، (الكويت:١٩٨٦)

**صبحي الصالح**

- علوم الحديث ومصطلحه عرض ودراسة، ( بيروت : ١٩٧١ )

**طه عبدالمقصود**

- الحضارة الاسلامية، دراسة فى تاريخ علوم الاسلامية، (بيروت: ٢٠٠٤)

**عبدالكريم زيدان وعبدالقادر داود عبدالله**

- علوم الحديث، (بغداد:١٩٨٠)

**عبدالقادر محمد**

- موسوعة علوم القرآن،دار القلم العربي،(حلب:٢٠٠٢)،

- **عمر رضا كحالة**

معجم المؤلفين، دار احياء التراث العربي للطباعة ولنشر، (بيروت:د.ت).

**عمر فروخ**

- تاريخ الادب العربي، دار العلم للملايين، (بيروت:١٩٨٩).

**قادر محمد حسن**

- اسهامات الكرد في الحضارة الاسلامية (دراسة عن دور الكرد الحضاري في مصر و بلاد الشام خلال عهد المماليک البحرية ٦٤٨ – ٧٨٤هـ/١٢٥٠ – ١٣٨٢م)، دار سبيريز للطباعة و النشر، (دهوک:٢٠٠٩).

**كامل اسود قادر**

- دور الكورد الحضاري في مصر و بلاد الشام خلال عهد دولة المماليک الجراكسة، (اربيل : ٢٠١٤)

**محمد أسعد طلس**

- الاثار الاسلامية والتاريخية في حلب، مطبعة الترقي، (دمشق:١٩٥٦)

**محمد راغب الطباخ الحلبي**

- اعلام النبلاء بتاريخ حلب الشهباء، صححه و علق عليه : محمد كمال، دار القلم العربى، ج٤و ج٥، ط٢، (حلب : ١٩٨٩)

**محمد سالم بن شديد**

- تطور كتابة المصحف الشريف وطباعتة، (د.م.ت)

**محمد علي الصويركي الكردي**

- معجم أعلام الكرد في التاريخ الاسلامي والعصر الحديث في كردستان وخارجها، مؤسسة زين، (السليمانية:٢٠٠٥)

- **ژێدەرەکان بە زمانی کوردی**

**ئەولیا چەلەبی**

- سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی،وەرگێران:سەعید ناکام،مطبعة اشبيلية الحديثة، چاپی دووەم، (بەغدا:١٩٨٧)

**زرار صدیق تۆفیق**

- هۆز و دەسەڵاتە هۆزەکیەکان هۆزەکیەکان کوردییەکان چاخی ناوەڕاست، وەرگێرانی: ئیدریس عەبدوڵا مستەفا، دەزگای موکریانی (هەولێر:٢٠١٠).

**چوارەم: نامە زانکۆییەکان بە زمانی عەرەبی**

**منصور احميد سالم الصوفي**

- الاوضاع الدينية للمسلمين في العهد المملوكي،رسالة ماجستير، كلية الاداب،جامعة الاسلامية- غزة،(غزة: ٢٠١٠).

**علي نجم عيسى**


- حلب في العهد الايوبي (٥٧٩-٦٥٨هـ/١١٨٣-١٢٥٨م، دراسة سياسية/حضارية)،اطروحة دكتوراه، كلية الاداب، (جامعة موصل : ١٩٩٩) .

**كمال بدور**

- حلب في العصر المملوكي الاول (٦٥٨-٧٨٤هـ/١٢٦٠-١٣٨٢م)، اطروحة دكتوراه، كلية الاداب والعلوم الانسانية، جامعة دمشق، (دمشق:٢٠٠٢)

# پاشكۆ

## حەلەب لە سەردەمی مەمالیك




كاری توێژەر بە سوود وەرگرتن لە : كمال بدور ، حلب فی عصر المملوكی الاول ، ٢٠٠٢،ص ١٤٨ .

**الملخص**

هذا البحث التاريخي الذي هو بعنوان (مشاركة الكورد في الحياة العلمية لمدينة حلب خلال عهد الدولة المماليك الجراكسة (٧٨٤-٩٢٢هـ/١٣٨٢-١٥١٦م). يعتبر الكورد من القوميات التي كانت لها دور ريادي في الحياة العلمية خارج موطنهم الاصلي منها مثلا في بلاد الشام عامة وفي مدينة حلب خاصة. التي تعد مركز تجمع لعائلات كوردية عريقة، كانت لهم منزلة مرموقة في العصر المملوكي، كان للعلماء الكورد دور فعال في تقدم الحركة العلمية والفكرية في المدينة وقدموا خدمات جليلة للمجتمع الحلبي، وذاع صيتهم في العالم الاسلامي، وكانو موفقين في تربية جيل يحمل رصيدا عاليا من المعرفة، فضلا عن هذا كانت مدينة حلب ممرا لمرور الكثر من العلماء الكورد خارج بلاد الشام وبالأخص بلاد مصر.

**Abstract :**

This historical research is entitled “The participation of kurds in the Scientific Life of Aleppo During the Mamlukes Era Between 658-922 AH /1260-1560 AD”. The kurds are considered as one of the Muslim peoples outside their ancestors habitation who played an influential role in the North of the Levent in general and in Aleppo city particular. Aleppo city was the concentration habitat of a fair proportion of original kurdsh families who had a prominent position during those times. During the Mamlukes era, kurds played a critical role in the scientific and intellectual development of the city along with serving the community life of the city. Aleppo was the crossing bridge for the kurds towards other region of the levent and even to Egypt, as well.